کرێکارانی جیهان یەکگرن!

گۆڤاری پێشڕەو

٤٩٦


گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٩٦ – گەلاوێژی – ئاگۆستی ٢٠٢٦




## شەڕ درێژەی سیاسەتی کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامی و پاوانخوازیی ئیمپریالیستی دەوڵەتی ئەمریکایە

## لەسێدارەدان لەبەرچاوی جەماوەر و ناڕەزایەتییەکانی ئیسفەهان؛ ئەوپەڕی داماویی کۆماری ئیسلامی




ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

## مانگرتن لە خواردنی زیندانییانی قزڵحەسار، هاوارێک بە دژی ماشێنی ئێعدامی کۆماری ئیسلامی

سەروتار

## بەیاننامەی پلێنۆمی سێیەمی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە سەبارەت بە بارودۆخی سیاسیی ئێستا، هەڵوێست و ئەرکەکان

گەلاوێژی ١٤٠٥

ئاگۆستی ٢٠٢٦

**شەڕ و پێگەی کۆماری ئیسلامی**

بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێران بەتوندی کەوتووەتە ژێر کاریگەریی چەقبەستوویی دەوڵەتی ئەمریکا و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە درێژەدان بە شەڕێکی گشتگیر و شکست و بێتواناییان لە جێگیرکردنی "ئاشتی"دا. دەوڵەتی ئەمریکا سەرەڕای شکستە ستراتیژییەکانی و بێتوانایی لە نۆژەنکردنەوەی هەژمۆنییە ڕوو لە لاوازبوونەکەی، بۆ درێژەدان بە شەڕ ڕووبەڕووی کەمبوونی مووشەکی بەرپەرچدەرەوە و تەقەمەنییە ئاراستەکراوەکان بووەتەوە، هەر ئەم ڕاستییەش بنکە سەربازییەکانی خۆی و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەی کەنداو لاواز و زیانپێگەیشتوو کردووە. لە هەمان کاتدا داخرانی گەرووی هورمز و هەڵکشانی نرخی نەوت و گاز لە بازاڕە نێودەوڵەتییەکاندا، نیگەرانییەکان لە قەیران و داتەپینی ئابووریی جیهانی و ئاکامەکانی ئەم بارودۆخە لەسەر ڕێژەی هەڵاوسان و بەرزبوونەوەی نرخەکان لە ئەمریکا و کاریگەرییەکانی لەسەر بزووتنەوەی "ماگا" و هەڵبژاردنەکانی نێوانخولی داهاتوو، دەوڵەتی ترامپی بۆ درێژەدان بە شەڕ ڕووبەڕووی کێشەی جدی کردووەتەوە

کۆماری ئیسلامیش کە بە پشتبەستن بە کۆگای مووشەکی و درۆنی خۆی توانیویەتی بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا و دامەزراوەکانی نەوت و گازی وڵاتانی ناوچەی کەنداو بکاتە ئامانج و هاتوچۆی کەشتییەکان لە گەرووی هورمزدا پەک بخات، بەڵام لە ڕووی توانست و بونیەی ئابوورییەوە توانای درێژەدان بە شەڕی نییە. ڕژیمی ئیسلامی بە داخستنی گەرووی هورمز توانی بازاڕی وزە و ئابووریی جیهان بخاتە ژێر کاریگەرییەوە و بیکاتە ئامرازێکی گوشاری سیاسی دژی ئەمریکا بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ. بەڵام لە درێژەدا و بە گەمارۆی دەریایی بەندەرەکانی باشووری ئێران و دابەزینی توندی هەناردەی نەوت، دەرکەوت کە هێزی بەرپەرچدانەوەی

گەرووی هورمزیش سنووردارە و ناتوانێت ڕێگر بێت لە دەستپێکردنەوەی هێرشە سەربازییەکانی ئەمریکا. کۆماری ئیسلامی بە دابەزینی توند و پچڕانی هەناردەی نەوت، بۆ دابینکردنی تێچووە قورسەکانی درێژەدان بە شەڕ بەتوندی کەوتووەتە ژێر گوشارەوە، بەتایبەتی لە هەلومەرجێکدا کە بەهۆی ڕەهەندە بەربڵاوەکانی هەژاری و بێکاری، هەڵاوسان و گرانی و ئەو بارودۆخە کارەساتبارەی کە ئەم ڕژیمە بەسەر ژیان و گوزەرانی زۆرینەی خەڵکی ئێراندا سەپاندوویەتی، خۆی لە مەترسی تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە

لێکتێگەیشتننامە ١٤ خاڵییەکەی نێوان دەوڵەتی ئەمریکا و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، دەرەنجامی هەر ئەم چەقبەستوویییە لە درێژەدان بە شەڕ و شکست و بێتوانایی لە جێگیرکردنی "ئاشتی"دا. لە کاتێکدا لەم لێکتێگەیشتننامەیەدا جەخت لەسەر کۆتاییهێنان بە شەڕ لە هەموو بەرەکان و زەمانەتکردنی یەکپارچەیی خاک و سەروەریی لوبنان و هاتوچۆی ئازادی کەشتییەکان لە گەرووی هورمز و کۆتاییپێهێنان بە هەڕەشە جەنگییەکان کراوەتەوە، بەڵام ئەم جەختکردنەوانە نەیانتوانی ڕێگر بن لە بەردەوامی داگیرکردنی باشووری لوبنان لەلایەن ئەرتەشی ئیسرائیلەوە، درێژەی هێرشە مووشەکییەکانی سپای پاسداران بۆ سەر کەشتییە نەوتهەڵگرەکان لە گەرووی هورمز و هەڕەشە جەنگییەکانی ترامپ. ئەم دۆخە بەرهەمی هاوسەنگی هێزی واقیعییە لە گۆڕەپانە جیاوازەکانی ئەم شەڕەدا. لەبەر ئەوە، تێکهەڵچوون و گرژییە سەربازییەکانی ئێستا زیاتر لەوەی نیشاندەری خواستی هەردوولا بێت بۆ دەستپێکردنەوەی شەڕێکی گشتگیر، ڕەنگدانەوەی هەوڵی لایەنەکانە بۆ چەسپاندنی تێڕوانینی خۆیان لە دەرەنجامەکانی شەڕی چل ڕۆژە و بەرزکردنەوەی هێزی سەوداگەری و وەرگرتنی ئیمتیازە لە دانوستانەکاندا

بە دەستپێکردنەوە و بەردەوامی هێرشە سەربازییەکان، ئەگەرچی چارەنووسی لێکتێگەیشتننامەکە کەوتووەتە تەمومژەوە، بەڵام بەدەر لە چارەنووسەکەی، بەڵێنی دەوڵەتی ئەمریکا بۆ هەڵپەساردنی گەمارۆکان و دامەزراندنی سندووقێکی ٣٠٠ ملیار دۆلاری بە هاوکاریی وڵاتانی ناوچەکە بۆ نۆژەنکردنەوەی ئابووریی کۆماری ئیسلامی و پەیماندان بۆ دروستکردنی میکانیزمی پێویست بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم پرۆژەیە لەلایەن ئەمریکاوە و پێشوازی کۆماری ئیسلامی لێی، بەو مانایەیە کە باڵگەلێک لەناو پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا، ستراتیژی مانەوەی ڕژیمی ئیسلامی لە ڕێگەی سازش و بەڕێوەبردنی ناکۆکییەکان لەگەڵ ئەمریکا و پێناسەکردنەوەی پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکان لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا پێوشوێن دەگرن. ئەم لێکتێگەیشتنە ئەگەر بەدواداچوونی بۆ بکرێت و جێبەجێ بکرێت، بە مانای گۆڕانکارییەکی گرنگی ژیۆپۆلیتیکییە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەمە بە مانای دارشتنەوەی پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەی کەنداو و ئەمریکا دەبێت. واتە کۆتاییهاتنی یەکجاریی ستراتیژیی پەلاماردان و شەڕی بەرپەرچدەرەوەی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؛ واتە ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی ئەمجارە لەبری ئەوەی بە پشتبەستن بە پرۆژە ناوەکییەکان و ڕێکخستن و پرچەککردنی هێزەکانی "میحوەری موقاوەمەت" و دەستێوەردانی سەربازی لە نێوەندە قەیراناوییەکانی ناوچەکەدا، ستراتیژیی مانەوەی خۆی پێوشوێن بگرێت، لە ڕێگەی پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکان لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە، وەبەرهێنانی وڵاتانی ناوچەکە لە پیشەسازی نەوتی ئێران و بەڕێوەبردنی ناکۆکییەکانی لەگەڵ ئەمریکا لە ناوچەکەدا، مانەوەی خۆی دەپارێزێت و ڕەوتێکی نوێ بۆ نۆژەنکردنەوەی ئابووری قەیرانلێدراوی سەرمایەداری ئێران دەست پێدەکات. بێگومان ئەم ستراتیژییە بە لەبەرچاوگرتنی پێداگری باڵگەلێکی حکوومەت لەسەر تۆڵەسەندنەوە و ڕوانگەی "شەڕ شەڕ تا سەرکەوتن"، پێکهاتەی ڕانتی و هەژمۆنی بەربڵاوی سپای پاسداران و دامەزراوەکانی سەر بە بەیتی ڕەهبەری لە ئابووریی وڵاتدا، ڕووبەڕووی ئاستەنگی زۆر دەبێتەوە. بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە لەژێر گوشاری واقیعیی شەڕ و نەگونجانی بونیادی ئابووریی حکوومەتی ئیسلامی لەگەڵ درێژەدان بە سیاسەتی شەڕانگێزی، ناکۆکی لەسەر ئەم دوو ستراتیژییە جیاوازە بووەتە تەوەری سەرەکیی ململانێ و کێشمەکێشەکانی باڵ و باندەکانی ناو حکوومەت لەم قۆناغەدا. فەرماندەکان و کادری نوێی سەرکردایەتیی سپای پاسداران کە ڕۆڵی سەرەکییان لە بڕیارەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا هەیە، لە هەمان کاتدا کە هێرشبەرانەتر بەرەنگاری ئەمریکا دەبنەوە، توانای دانوستانی ڕاستەوخۆ و سازشکردنیشیان لەگەڵ ئەمریکادا هەیە

**توندبوونەوەی سەرکوتگەری و ئاسۆی پەرەسەندنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان**

سەرەڕای ئەمەش، گۆڕانکاری لە ستراتیژی مانەوەی کۆماری ئیسلامی و گەڕانەوە بۆ دانوستان و سازش لەگەڵ ئەمریکا لەژێر گوشاری چەقبەستوویی شەڕ و مەترسیی داڕمانی ئابووریدا، بە هیچ شێوەیەک بە مانای کرانەوەی فەزای سیاسی لە کۆمەڵگای ئێراندا نابێت. لەو کاتەشدا توندبوونەوەی سەرکوتگەری وەک پایەی سەرەکی ستراتیژی مانەوە و تاکتیکی سەرەکی ڕژیمی ئیسلامی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەشەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان لە کۆمەڵگادا دەمێنێتەوە. درێژەی شەپۆلی لەسێدارەدانەکان و بەتایبەتی پشتڕاستکردنەوەی سزای لەسێدارەدانی ناڕازییانی دۆسیەی "مەیدانی عەلیخانی"ی ئیسفەهان و جێبەجێکردنی هەندێک لەم سزایانە، و دەرکردنی سزای قورسی زیندان دژی چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاری و خوێندکاری و هونەرمەندان، دەرخەری درێژەکێشانی هەر ئەم ڕەوتەیە. بەڵام سەرەڕای توندبوونەوەی سەرکوتی سیاسی، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر دوو دیاردەی حیجابی ئیسلامی و زۆرەملێ و ئازادییە کولتوورییەکاندا بەناچاری و لە ڕووی داماوەییەوە پاشەکشە دەکات و چاوپۆشییان لێ دەکات. ئەم گۆڕانکارییە سەرچاوەی لەو ڕاستییەوە گرتووە کە کۆمەڵگای ئێران لەژێر پێستی سەرکوتی خوێناوی کۆماری ئیسلامیدا، گۆڕانکاری و وەرچەرخانە سیاسی و کۆمەڵایەتییە گرنگەکانی تێپەڕاندووە. ڕووکردنی بەربڵاوی ژنان بۆ خوێندنی باڵا و چوونیان بەرەو بازاڕی کاری نافەرمی، ئامادەبوونی پڕجۆش و بەرچاویان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکاندا و بەتایبەتی ڕۆڵگێڕانی ژنان لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادا، تێڕوانینی چین و توێژە جیاوازەکانی سەبارەت بە پێگەی ژنان لە کۆمەڵگادا گۆڕیوە. کۆمەڵگا لە ڕووی کولتووریشەوە دەمێکە کولتوور و ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامی بەرەوڕووی ئالنگاری کردووە و تێپەڕاندووە. کۆماری ئیسلامی سەرەڕای هەڕەشە و گورەشەی حیزبوڵڵاییەکان لە ژنانی بێحیجاب و دروستکردنی کۆتوبەند بۆ چالاکییە کولتوورییە پێشڕەوەکان، ناتوانێت مێژوو بەرەو دواوە بگەڕێنێتەوە

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی نە بە درێژەدان بە شەڕ و نە بە گرتنەبەری ڕێگەی سازش لەگەڵ ئەمریکا، ناتوانێت بە بەڵێنیی کۆتاییهاتنی گەمارۆکان، ئازادبوونی پارە بلۆکەکراوەکان و کرانەوە لە ژیانی ئابووریی خەڵکدا... دۆخی چاوەڕوانی و دەستەوەستانی لەناو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکاندا پەرە پێبدات. کۆمەڵگا ناچێتە قۆناغێکی چاوەڕوانییەوە، ململانێ چینایەتییەکان توندتر دەبنەوە و درزە کۆمەڵایەتییەکان قووڵتر دەبنەوە. بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاری، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، بزووتنەوەی "نا بۆ لەسێدارەدان" و بزووتنەوەی دادخوازی و... لەم ساڵانەدا لە نەبەردێکی سەنگەر بە سەنگەردا دەستکەوتگەلێکیان بەدەستهێناوە کە شەڕ و سەرکوت نەیتوانیوە لەناویانببات. پەروەردەبوونی شەپۆلێکی تاڕادەیەک بەربڵاو لە ڕێبەرانی چەپ و ڕادیکاڵ لە ناخی ئەم خەباتانەدا و ئاستێک لە ڕێکخراوبوون، ئەو دەستکەوت و سەرمایە ستراتیژییانەن کە ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە بە پشتبەستن پێیان بەردەوامیی خۆیان دەپارێزن. بۆیە هەروەک چۆن ناڕەزایەتییەکانی کرێکاران و خانەنشینان و بزووتنەوەی "نا بۆ سێدارە" لەم هەلومەرجە جەنگییەدا نیشانیان داوە، بەردەوامی و پەرەسەندنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان بابەتێکی حاشاهەڵنەگر و حەتمییە

**شەڕ و ڕیزبەندیی هێزەکان**

ئەزموونی شەڕی چل ڕۆژە و بەردەوامی هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر ژێرخانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەرییە وێرانکەرەکانی ئەم شەڕە لەسەر کار و ژیان و بژێوی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان، ئاڵتەرناتیڤ و ڕەوتە ڕاستڕەوە شەڕانگێزەکانی وەک پاشایەتیخوازەکان و ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی بێئیعتیبار کرد و ماهییەتی هەڵوێست و سیاسەتەکانی حیزبە ناسیۆنالیستەکانی لە کوردستان کە بۆ دەستپێکردنی هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل ساتژمێریان دەکرد، یان ئەو ڕەوتەی کە لەژێر ناوی چەپ و کرێکاردا هیوای بە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی بەردەوامیی بۆردومانەکانەوە خواستبوو، زیاتر بۆ خەڵکی ئێران ڕوون کردەوە. بەپێچەوانەی هەڵوێست و سیاسەتە شەڕانگێزییەکانی هێزەک ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازییەکان، ئەزموونی ئەم شەڕانە نیشانی دا کە وەهمی گەیشتن بە "ئازادی و خۆشگوزەرانی و سەقامگیری" لە ڕێگەی دەستێوەردانی زلهێزە ئیمپریالیستییەکانەوە تا چ ڕادەیەک پووچ و بێبنەمایە و بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران زیانبەخش و کوشندەیە

ئەم شەڕە هەروەها سروشت و ماهییەتی کۆنەپەرستانەی هەڵوێست و کارکردی هێزەکانی چەپی "میحوەری موقاوەمەت"ی (کە بەداخەوە لە هەندێک حاڵەتدا هەندێک

لە هێز و کۆڕ و کۆمەڵە چەپە ڕادیکاڵەکانیش لەژێر ناوی کۆمۆنیزمدا کەوتنە نێو تەڵەکەیەوە) زیاتر لە جاران ئاشکرا کرد. هێزەکانی چەپی میحوەری موقاوەمەت، ستراتیژیی بەرپەرچدانەوە و شەڕانگێزیی کۆماری ئیسلامی وەک بەشێک لە بەرخۆدان لە دژی دەسەڵاتی سەرمایە و ئیمپریالیزم دەناسێنن. چەپی میحوەری موقاوەمەت بە بەرگریکردن لە کارنامەی پڕ لە تاوانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناوخۆی ئێران و لە پشتیوانیکردن و پڕچەککردنی گرووپە تیرۆریستە ئیسلامییەکانی ناسراو بە میحوەری موقاوەمەت، لە ڕاستیدا گرێدراویی قووڵی خۆیان بە ناسیۆنالیزم و مەزنخوازییە سووکایەتیپێکراوەکەی سپای پاسداران و لە هەمان کاتیشدا دژایەتی خۆیان لەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ئێراندا نیشان داوە

لە بەرامبەر ئەم شەڕە ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانەیە و بەرەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستی شەڕانگێز و چەپی میحوەری موقاوەمەتی لایەنگری ڕژیمی ئیسلامیدا، ڕیزی حیزب، ڕێکخراو و هێزە کۆمۆنیست و چەپ و شۆڕشگێڕەکان و هێزێکی گەورەی چەپی کۆمەڵایەتیی ڕادیکاڵ قەراریان گرتووە، کە بە ئاشکراکردنی ماهییەتی سەرمایەدارانەی ئەم شەڕە و ئامانجەکانی هەردوولا و ئاکامە وێرانکەرەکانی لەسەر ئاسایش و کار و ژیان و خەباتی کرێکاران و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران، جەختیان لەسەر زەرووەرەتی توندکردنەوەی خەبات بۆ ئامادەکردنی پێداویستییەکانی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی کردەوە. کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وەک ئەندامێکی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە کوردستان و لە ئاستی سەرتاسەریدا، لە بەرگریکارانی شێلگیری ئەم سیاسەتە کرێکاری و سۆسیالیستییەن لە بەرامبەر شەڕدا. بزووتنەوەی سۆسیالیستی ئێران بە پشتبەستن بە هەر ئەو هەڵوێستەی کە لە گۆشەنیگای بەرگریکردن لە بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە لە بەرامبەر ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیەدا گرتییەبەر و ئەو کارنامە درەوشاوەیەی کە لە بواری کاری ڕۆشنگەری سەبارەت بە ماهییەتی ئەم شەڕە لەخۆی بەجێهێشت، دەبێت بەدەم ئەرکەکانییەوە بچێت لە قۆناغی داهاتوودا

بە لەبەرچاوگرتنی هەڵسەنگاندنی سەرەوە و لەبەر ئەوەی بەهۆی ڕەهەندە بەربڵاوەکانی بێکاری، بەرزبوونەوەی سات بە ساتی نرخی کاڵا پێویستەکانی ڕۆژانەی خەڵک، قەیرانی کەمبوونی ئاو و وزە و توندی ئەو هەژاری و نەهامەتییەی کە بەسەر زۆرینەی کۆمەڵگادا سەپێندراوە و بێتوانایی دەوڵەت لە کۆتاییهێنان بەم بارودۆخە، زەمینە بابەتییەکانی بەردەوامی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکان بەهێزیی خۆیان ماونەتەوە، لەم قۆناغەدا گرنگترین ئەرکی ئێمەی سۆسیالیست پەرەپێدانە بە بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییە پێشڕەوەکانی دیکە و یارمەتیدانە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕێکخراوبوونی ئەم بزووتنەوەگەلە و پێکهێنانی ڕێبەرییەکی سەرتاسەری. هەر لەم پێناوەدا، دیاریکردنی وردی دروشمە تاکتیکییەکان خاوەنی گرنگییەکی یەکلاکەرەوەن، چونکە جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگا لە دەوری ئەو دروشمانە کۆدەبنەوە کە ڕەگیان لە پێداویستییەکان و ژیانی واقیعیی ئەواندا داکوتاوە. خواستی ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕ، پێداگری لەسەر خواستەکانی وەک تەندروستی و چارەسەری بێبەرامبەر، خوێندنی بێبەرامبەر، بیمەی بێکاری لە جەرگەی شەڕ و ئەو هەژاری و نەهامەتییەدا کە حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران بەسەر زۆرینەی خەڵکی ئێراندا سەپاندوویەتی، خاوەنی هۆگرایەتیی کۆمەڵایەتین. یان دروشمەکانی وەک "زیندانی سیاسی دەبێت ئازاد بکرێت"، "سزای لەسێدارەدان دەبێت هەڵبوەشێتەوە"، ئەو دروشمانەن کە جەماوەریبوونیان دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر لە پاشەکشەپێکردنی دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامیدا بگێڕێت. هەروەها دروشمە ستراتیژییەکانی "ئازادی، یەکسانی، بەڕێوەبردنی شۆرایی" یان "نان، کار، ئازادی، بەڕێوەبردنی شۆرایی"، ئەو دروشمانەن کە لە هەمان کاتدا ئامانجگەلی شۆڕشگێڕانە و خەبات بۆ سۆسیالیزم بە کردەوەی سیاسی و خەباتی ڕۆژانەوە گرێ دەدەن و وێنای چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لە قۆناغی دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەخەنە ڕوو، و سنوورێکی لێبڕاوانەش لەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کە خوازیاری دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی سیاسین لەسەرووی ئیرادەی جەماوەرەوە، دیاری دەکەن

**ئەرکەکانی کۆمەڵە لە کوردستان**

لە کوردستان، گرنگترین ئەرکی ئێمە یارمەتیدانی ئامادەکردنی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانە بۆ وەڵامدانەوە بە پێداویستییە هەنووکەییەکانی ئەم قۆناغە و خولقاندنی دەرفەت بۆ پێشڕەوی و پووچەڵکردنەوەی ئەو مەترسییانەی کە هەڕەشە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان دەکەن. ئەم دەرفەتانە نە بە هیوابەستن بە دەستێوەردانی زلهێزە ئیمپریالیستییەکان و نە لەو ڕێگا چەوتەی کە حیزبە ناسیۆنالیستە شەڕانگێزەکان لە کوردستان خستوویانەتە بەردەم خەڵکی کوردستان، بەڵکوو تەنها لە ڕێگەی هاندان و پەرەپێدانی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان دژی شەڕ و گرانی، بێکاری، کەمبوونی ئاو و کارەبا، دژی کوشتاری کۆڵبەران و سەرکوتگەرییەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و هێنانەئارای دروشم و تاکتیکی گونجاو لەگەڵ پێداویستییە واقیعییەکانی ئەم قۆناغە دەخولقێنرێن. لەسەر بەستێنی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییانەیە کە دەرفەت بۆ بەرزکردنەوەی ڕێکخراوبوونی ئەم بزووتنەوانە و پێکەوەگرێدانی تۆڕی چالاکان و ڕێکخەران لە ئاستی شارەکانی کوردستاندا دەڕەخسێت. چالاکانی کۆمەڵە و سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکانی دیکە، تەنها بە ڕۆڵگێڕان لەم ڕێڕەوەدایە کە دەتوانن ئەرکە قورس و چارەنووسسازەکانی خۆیان لەم قۆناغەدا بە جێ بێنن

تەنها بە وەڕێخستن و بەرفراوانکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکان دژی هەژاری و نەهامەتی ئابووری و ئەو بێمافییەی کە کۆماری ئیسلامی بەسەر زۆرینەی خەڵکدا سەپاندوویەتی، دەتوانرێت دەرفەت و هەلومەرجی گونجاو بۆ دروستکردنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لە شوێنی کار و ژیانی کرێکاران، لە قوتابخانە و زانکۆکان، لە نەخۆشخانەکان، پێکهێنانی کۆمیتەکان، بنکەکان، شۆراکان و دامەزراوە جەماوەرییەکان لە گوندەکان و گەڕەکەکانی شارەکان و پێکهێنانی ئەنجومەن و ڕێکخراوەکانی ژنان لە گەڕەکەکاندا بڕەخسێندرێت. لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت هەر چەشنە بۆشاییەکی کارگێڕی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا کە لە ئەنجامی لاوازیی حکوومەتی ئیسلامی لە هەر هەلومەرجێکدا دروست دەبێت، بە بەڕێوەبەرایەتی دامەزراوە جەماوەرییەکان پڕ بکرێتەوە. تەنها بە دروستکردنی ئەم ڕێکخراو و دامەزراوە جەماوەرییانەیە کە لەگەڵ باشتربوونی هاوسەنگی هێزدا، کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی چەوساوەی کوردستان دەتوانن لە خوارەوە و بە پشتبەستن بەم دامەزراوانە، ئیدارە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا ڕاستەوخۆ بگرنە دەست

لەم قۆناغەدا پەرەپێدانی ڕێکخستنە حیزبییەکانی کۆمەڵە نە لە ڕێگەی خشت لەسەر خشت دانان، بەڵکوو لە ڕێڕەوی ڕۆڵگێڕان لە وەڵامدانەوە بە پێداویستییەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و یارمەتیدان بە ڕێکخراوبوونی ئەم بزووتنەوانەوە تێدەپەڕێت

لە پێناو هەر ئەم ئاراستە و ئەرکانەدا و بە پشتبەستن بە ئەزموونی شەڕی چل ڕۆژە، دەبێت زیانبەخشیی هەڵوێست و سیاسەتی شەڕانگێزانەی "ناوەندی هاوپەیمانیی حیزبە ناسیۆنالیستەکان"ی شەڕخواز لە کوردستان و کۆڕ و کۆمەڵە لایەنگرەکانیان کە بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی خوازیاری درێژەکێشانی شەڕ و بەردەوامی هێرشەکانی ئەمریکان، بۆ خەڵک ڕوون بکەینەوە. ئەم شەڕە بە ڕەهەندەکانی بێکاری، گرانی و هەژاری و نەهامەتییەک کە بەسەر خەڵکیدا سەپاندووە و بە پەراوێزخستنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، گەورەترین زەبری لە بزووتنەوەی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی داوە. سیاسەتی حیزبە ناسیۆنالیستەکان جگە لەوەی کە ڕیشەی لە بێباوەڕیی قووڵی ئەوان بە هێزی مێژووسازی خەباتی جەماوەردایە، خەڵکیش لە چاوەڕوانی هێزی ڕزگاریدەری دەرەوەی سنوورەکاندا دەهێڵێتەوە. ئەم سیاسەتە زەربە لە هێزی هاوپشتیی بزووتنەوەی هەقخوازانەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ بزووتنەوەی سەرتاسەری دەدات، کە بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" زیاتر لە هەر کاتێک قایمتر و پتەوتری کرد، ئەوەش لە کاتێکدایە کە پێشڕەوی و سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان گرێدراوی قایمکردنی هاوپشتی ئەم بزووتنەوەیەیە لەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازیی سەرتاسەری بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی. ئەزموونی شەڕی چل ڕۆژە، هەروەک ئەزموونەکانی پەلامار و دەستێوەردانی سەربازی ئەمریکا لە ئەفغانستان، عێراق، لیبیا و... جارێکی دیکە نیشانی دا کە ئەم دەستێوەردانانە نە لە ئێران و نە لە هیچ شوێنێکی دیکەی دنیادا جگە لە کوشتار و کاولکاری و هەژاری و گرانی و پەراوێزخستنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، هیچ ئاکامێکی دیکەیان لێ نەکەوتووەتەوە

پێویستە سەبارەت بە تاکتیکی ناردنی یەکەکانی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوخۆی ئێران لە هەلومەرجی ئێستادا، هۆشداری بدرێتە حیزبە ناسیۆنالیستەکان لە کوردستان. گرتنەبەری ئەم تاکتیکە لە هەلومەرجی میلیتاریزەکراوی کوردستاندا، دەرفەت بە کۆماری ئیسلامی دەدات کە بە لەداوخستن و کوشتاری پێشمەرگەکان، هێز و توانای پووشاڵی خۆی بە چاوی خەڵکدا بداتەوە و حزووری پێشمەرگەکان بکاتە بیانوویەک بۆ توندکردنەوەی میلیتاریزم و ڕەشبگیرییە بەربڵاوەکان، توندکردنەوەی سەرکوت و ئەمنییەتیکردنی فەزای شارەکان بۆ چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. ئەم تاکتیکە لە هەلومەرجی ئێستادا خاوەنی هۆگرایەتی جەماوەری نییە و بەتەواوی زیان بە ئیعتباری خەباتی چەکداری لە کوردستان دەگەیەنێت. مەشرووعییەتی بێچەندوچۆنی خەباتی چەکداری لە خەبات دژی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا، کە نزیکەی نیو سەدەیە دژی خەڵکی کوردستان شەڕی ڕاگەیاندووە و کوردستانی میلیتاریزە کردووە، هەرگیز هەموو تاکتیکێکی نیزامی لە هەموو هەلومەرجێکدا پاساو ناکات

لەبەر ئەوەی پێشبینی دەکرێت ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هێرشە مووشەکییەکان و هێرشە نیزامییەکانی دژی کەمپ و بنکەکانی حیزب و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و پەنابەرانی سیاسی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان درێژە پێبدات، گرتنەبەری سیاسەتێکی چالاکانە و مەحکوومکردنی ئەم هێرش و تاوانانەی کۆماری ئیسلامی و بەرگریکردن لە گیان و ئاسایش و ئازادی چالاکی سیاسیی ئەم هێزانە، هەروا بەردەوام وەک بەشێک لە ئەرکەکانی کۆمەڵە دەمێنێتەوە

کۆماری ئیسلامی بە چالاککردنی بەکرێگیراوە خۆجێییەکان لە کوردستان و ئەگەری بەکارهێنانی گرووپە تیرۆریستە ئیسلامییەکان، توندکردنەوەی فەزای تیرۆر و دووبەرەکی‌نانەوەی نەتەوەیی و ئایینی کردووەتە مەترسییەکی جدی کە دەبێت بە هۆشیاریی تەواوەوە ڕووبەڕووی ببینەوە. بۆ نموونە، نابێت ڕێگە بدەین ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و کۆنەپەرستانی خۆجێیی درز و دووبەرەکی بخەنە نێوان نەتەوەکانی کورد و تورک و ئەم درزانە بکەنە زەمینەی تێکهەڵچوون و پێکدادان. دەبێت هەر لەمڕۆوە بە پەرەپێدان و تەبلیغکردنی ڕۆحی یەکێتی و هاوپشتی لە نێوان خەڵکدا، لە هەر نەتەوە و ئایینێک بن، زەمینەی سەرهەڵدانی ئەم درز و دووبەرەکییانە لەناوببەین

دەبێت بە تەبلیغی بەردەوام بۆ ئاڵتەرناتیڤی دەسەڵاتداریی شۆرایی، دڵنیایی بدرێتە خەڵکی کوردستان کە دەسەڵاتی شۆرایی و دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی خەڵک لە پرۆسەی یاسادانان و کاروباری جێبەجێکردندا، بە باشترین شێوەی مومکین زەمینەسازی بۆ هێنانەدیی ئازادییە بێ‌مەرجە سیاسییەکان، یەکسانی تەواوەتیی ژن و پیاو، و جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و لە پەروەردە و فێرکردن، دابینکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان، هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان... و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان دەکات. تەنها لەژێر دەسەڵاتی شۆرایی و بە بەشداری کرێکاران و زەحمەتکێشان و تەواوی تاکەکانی خەڵکی کوردستان لە ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووریی کۆمەڵگادایە، کە پرسی نەتەوەیی بە شێوەیەکی دیموکراسییانە و لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی چەوساوەی کوردستاندا چارەسەر دەکرێت و کۆتایی بە ستەمی نەتەوەیی دەهێنرێت

چڕکردنەوەی چالاکییەکانی ڕێبەریی کۆمەڵە و چالاکانی کۆمەڵە لە ناوخۆ، بانگەشەی سیاسی و سەرجەم چالاکییە میدیاییەکان، تەلەڤیزیۆن، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بڵاوکراوە و ماڵپەڕەکان، دەبێت بەپێی پێداویستییەکانی ئەم قۆناغە لە خزمەت بەرەوپێشبردنی ئەم ئاراستە و بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی سەرەوەدا بێت

**بڕووخێت ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**بژی دەسەڵاتداریی شۆرایی خەڵک لە کوردستان**

**بژی سۆسیالیزم**

**کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی**

**حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

١٢ی گەلاوێژی ١٤٠٥

٣ی ئاگۆستی ٢٠٢٦

❋❋❋

# ڕاگەیاندنی بەڕێوەچوونی پلێنۆمی سێیەمی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

## گەلاویژی ١٤٠٥

## جوولای ٢٠٢٦

سێیەمین پلێنۆمی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە، هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٩، بە بەشداریی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە و کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کە وەک چاودێر بۆ ئەم پلێنۆمە بانگهێشت کرابوون، لە ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە، سێیەم و چوارەمی گەلاوێژی ١٤٠٥ بەرامبەر بە ٢٥ و ٢٦ی جوولای ٢٠٢٦ بەڕێوەچوو. پلێنۆم بە سروودی ئینتەرناسیۆنال، سروودی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە یادی گیانبەختکردووانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و سەرجەم گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم، دەستی بە کارەکانی کرد

یەکەمین دەستووری کاری پلێنۆم، خستنەڕووی ڕەشنووسی بەیاننامەی سیاسی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بۆ پلێنۆم و باس و لێکۆڵینەوە لەسەری بوو. لەو بەیاننامەیەدا کە ڕەشنووسەکەی لە لایەن کۆمیتەی ڕێبەرییەوە ئامادە کرابوو، تیشک خرایە سەر چەقبەستوویی دەوڵەتی ئەمریکا و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە درێژەدان بە شەڕ، هەروەها شکست و داماوییان لە کۆتاییهێنانێکی یەکجاری بە شەڕ و لێکەوتەکانی لەسەر بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێران. لە بەیاننامەکەدا جەخت لەوە کراوەتەوە کە ئەگەرچی کۆدەنگییەک لە نێو پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا - سەرەڕای هەموو ئەو ئاستەنگانەی لە بەردەمیدایە - ڕێڕەوی سازش لەگەڵ ئەمریکای گرتووەتە بەر، بەڵام ئەم ئاراستە ستراتیژییە بە مانای کرانەوەی سیاسی لە بارودۆخی سیاسی ئێراندا نابێت، و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و خەڵکی ئێراندا هەروا ستراتیژیی پەرەپێدانی سەرکوت دەباتە پێشەوە. لەم بەیاننامەیەدا وێڕای ئاماژەدان بە بێئیعتیباربوونی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی شەڕخواز، بەتایبەت پاشایەتیخوازە فاشیستەکان و ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلك، جەخت لەسەر زەمینە بابەتییەکانی پەرەسەندنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکان لە کۆمەڵگادا و پێویستی بەرزکردنەوەی ئاستی خۆڕێکخستنی ئەم بزووتنەوانە، پێکهێنانی ڕێبەرییەکی سەرتاسەری و ڕۆڵگێڕانی هێزە سۆسیالیست و شۆڕشگێڕەکان لەم بوارەدا کرایەوە. ئەم بەیاننامەیە بە شێوەیەکی هەمەلایەنە تیشک دەخاتە سەر ئەرکەکانی کۆمەڵە و هەڵسووڕاوانی لە کوردستان

لە کوردستان گرینگترین ئەرکی ئێمە، یارمەتیدانە بۆ ئامادەکردنی کرێکاران، زەحمەتکێشان و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بە مەبەستی وەڵامدانەوە بە پێداویستییە هەنووکەییەکانی ئەم قۆناغە و خولقاندنی دەرفەت بۆ پێشڕەوی و پووچەڵکردنەوەی ئەو مەترسییانەی کە هەڕەشە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان دەکەن. بەیاننامەکە جەخت دەکاتەوە کە ئەم دەرفەتانە نە بە هیوابەستن بە دەستتێوەردانی زلهێزە ئیمپریالیستییەکان و نە لە ڕێگەی ئەو ئاراستە چەوتەی کە حیزبە ناسیۆنالیستە شەڕخوازەکان خستوویانەتە بەردەم خەڵکی کوردستان، بەڵکوو تەنیا لە ڕێگەی هاندان و پەرەپێدان بە نارەزایەتییە جەماوەرییەکان دژی گرانی، بێکاری، کەمیی ئاو و کارەبا، دژی سەرکوتگەرییەکانی ڕژیم و هێنانەگۆڕی دروشمە گونجاوەکان لەگەڵ پێداویستییە ڕاستەقینەکانی ئەم قۆناغەدا دەخوڵقێنرێن. لەسەر بەستێنی پەرەسەندنی هەر ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییانەیە کە دەرفەت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خۆڕێکخستنی ئەم بزووتنەوانە و پێکەوەگرێدانی تۆڕی هەڵسووڕاوان و ڕێکخەران لە ئاستی شارەکانی کوردستاندا دەڕەخسێت. هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە و سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکانی دیکە، تەنیا بە ڕۆڵگێڕان لەم ڕێڕەوەدایە کە دەتوانن ئەرکە قورس و چارەنووسسازەکانی خۆیان لەم قۆناغەدا جێبەجێ بکەن

پاش باس و لێکۆڵینەوە لەسەر ڕەشنووسی بەیاننامەی سیاسی و خستنەڕووی پێشنیاری تەواوکەر و وردبینانە و پەسەندکردنی خاڵە گشتییەکان، پلێنۆم چووە سەر ڕاپۆرتی تەشکیلاتی. لەم بەشەدا بەرپرسانی ئۆرگانە جۆراجۆرەکانی تەشکیلاتی کۆمەڵە، ڕاپۆرتی کار و تێکۆشانی ئۆرگانەکانی خۆیان لە ماوەی نێوان دوو پلێنۆمدا پێشکەش کرد. دوای باس و لێکۆڵینەوە لەسەر خاڵە لاوازەکان و کەموکوڕییەکان و هێنانەگۆڕی ڕێکارەکان بۆ باشترکردن و بەرزکردنەوەی چەندایەتی و چۆنایەتی چالاکییەکان، ئۆرگان و کۆمیتە تەشکیلاتییەکان لە شوێنی خۆیاندا مانەوە یان سەرلەنوێ ڕێکخرانەوە. پلێنۆم هەروەها کۆمیتەی ڕێبەریی هەڵبژێردراوی خۆی ئەرکدار کرد تا بە لەبەرچاوگرتنی باسەکانی نێو پلێنۆم، دەقی کۆتایی بەیاننامە سیاسییەکە ئامادە بکات و بەمزووانە بڵاوی بکاتەوە

لە بەشی کۆتاییدا، کۆبوونەوەی بەرینی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە، بە مەبەستی ئاراستەکردن و ڕێبەریکردنی چالاکییە سیاسی و تەشکیلاتییەکانی کۆمەڵە لەم قۆناغەدا، لە نێو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەدا، هاوڕێیان: ڕەئووف پەرەستار، ڕەحیم عەزیزپوور، محەممەد کەمالی، ڕەشید شوکرڕەزاقی، حەسەن شەمسی، سەڵاح مازووجی، جەلال محەممەدنژاد، گەوهەر مێعمارزادە و مەرزیە نەزەری وەک ئەندامانی کۆمیتەی ڕێبەریی کۆمەڵە هەڵبژارد و بە هەڵبژاردنی هاوڕێ ڕەحیم عەزیزپوور وەک دەبیری کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە، کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا

**کۆمیتەی ڕێبەریی کۆمەڵە**

**ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

٥ی گەلاوێژی ١٤٠٥

٢٧ی جوولای ٢٠٢٦

❋❋❋

## ڕاگەیاندنی شورای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

# سێدارە، شەڕ و توندوتیژیی پێکهاتەیی، ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوەی هەژموون




لەسێدارەدانەکانی ئەم دواییەی ئیسفەهان و نیگەرانی سەبارەت بە چارەنووسی مەحکوومانی دیکە، جارێکی تر سروشت و ماهییەتی ماشێنی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی ئاشکرا کرد. لە بەرامبەردا، ناڕەزایەتی خەڵک لە گۆڕەپانی عەلیخانی ئیسفەهان و هەروەها کۆبوونەوەی هەفتەی ڕابردووی بنەماڵەی زیندانیان لە بەردەم زیندانی قزڵحەساری کەرەج بە دروشمی "نا بۆ سێدارە" و بۆ پشتیوانی لە زیندانیان، دەربڕی درزێکی قووڵە لە نێوان کۆمەڵگا و دەسەڵاتدا، کە نیشانەیەکە بۆ شکڵگرتنی هاوپشتی کۆمەڵایەتی لە بەرامبەر سیاسەتی مەرگ و سەرکوتدا. ئەم کۆبوونەوە ناڕەزایەتییە، هەرچەندە سنووردار بوو، بەڵام نیشانیدا کە سیاسەتی تۆقاندن لەگەڵ خۆڕاگریی جەماوەردا ڕووبەڕوویە

هاوکات، ڕژیم بە کەڵکوەرگرتن لە کەشی شەڕ، هێرشەکانی خۆی بۆ سەر ناوچەکانی کوردستانی ئێران، بەرەنگاربوونەوەی حیزبە سیاسییە کوردەکان و هەروەها پەلاماردانی بنکە و بارەگاکانی ئەم حیزبانە لە هەرێمی کوردستانی چڕتر کردووەتەوە؛ ئەو هێرشانەی کە بەپێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان، بوونەتە هۆی گیانبەختکردن و برینداربوونی ژمارەیەک لە خەڵکی سڤیل و هێزەکانی پێشمەرگە. مەهدی تەوەکولی، بەڕێوەبەری "ماڵی وێنەگرانی کوردستان" و زیندانی سیاسی پێشوو و دوو کەس لە ئەندامانی بنەماڵەکەی، لەو کەسانە بوون کە بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سوپای پاسداران گیانیان بەخت کرد. ڕوودانی تاوانگەلێکی لەم شێوەیە نیشانی دەدات کە شەڕ و سەرکوتی ناوخۆیی دوو ڕووی یەک سیاسەتن و دەسەڵات هاوکات لەگەڵ شەڕ، ئەمنیەتیکردنی کۆمەڵگە و پەرەپێدانی لەسێدارەدانەکان، بە ئامانجی تێکشکاندنی هەرچەشنە ناڕەزایەتی و خۆڕاگرییەکی کۆمەڵایەتی، هەوڵی دەستەبەرکردنی مانەوەی نیزامە سەرکوتگەر و فاشیستییەکەی خۆی دەدات

کۆماری ئیسلامی هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی جێگیربوونیەوە، بە ئاوێتەکردنی ئیستبدادی سیاسی، سەرمایەداری و ئایدۆلۆژیای ئایینی، دەزگایەکی لە توندوتیژیی ڕێکخراو دژ بە جەماوەری ئێران دامەزراند کە ئەرکە سەرەکییەکەی، بەرهەمهێنانەوەی هەژموونی چینایەتی و سیاسییە. لەم پێکهاتەیەدا، لەسێدارەدان، زیندان، ئەشکەنجە، شەڕ، سەرکوتی نەتەوە ژێردەستەکان و لەناوبردنی ڕێکخراوە سەربەخۆکان، نەک هەنگاوی کاتی و کاردانەوە نین، بەڵکوو دەرکەوتەی سروشت و پێکهاتەی دەسەڵاتخوازانەی ئەم نیزامەن. ئایدۆلۆژیای ئایینی، ئامرازی ڕەواییدانە بە هەژموونی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و بەتاوانناساندنی هەرجۆرە ناڕەزایەتییەکە. سیستەمێکی سەرکوتگەر کە دەزگای قەزایی، ئەمنی و سەربازی خستووەتە خزمەت پاراستنی نەزمی زاڵ

لە سەرکوتی جەماوەری تورکمان و شەڕ دژ بە خەڵکی کوردستان لە یەکەمین ساڵەکانی پاش شۆڕشەوە، تا کوشتاری زیندانیانی سیاسی لە دەیەی شەست و کۆمەڵکوژیی هاوینی ساڵی ١٣٦٧، لە سەرکوتی بزووتنەوەی خوێندکاری، بزووتنەوەی ژنان، ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان و ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانەوە تا دەگاتە لەسێدارەدانەکانی ئەمڕۆ، هەموویان یەک ڕەوتی مێژوویی یەکگرتوو نیشان دەدەن؛ زنجیرەیەک کە دەربڕی ئەوەیە توندوتیژی، لادان نییە لە سیاسەتی ڕژیم، بەڵکوو جەوهەر و کرۆکی سیاسەتەکەیەتی. لەم چوارچێوەیەدا، لەسێدارەدان، بە بێ لەبەرچاوگرتنی جۆری تۆمەتەکە، فۆرمێکی یاساییکراوی کوشتاری حکوومەتییە و ئامرازێکە بۆ دروستکردنی ترس، ڕێگریکردن لە خۆڕێکخستن و تێکشکاندنی خۆڕاگریی کۆمەڵایەتی

پێویستە بە شێوەیەکی پێداگرانە پشتگیری لە ویست و داواکارییەکانی زیندانیانی مانگرتووی یەکەی ٢ی قزڵحەسار بکرێت کە مانگرتنەکەیان لە ٦ی گەلاوێژ کۆتایی پێهات، و هەروەها پشتیوانی لە کەمپەینی "سێشەممەکانی نا بۆ سێدارە" بکرێت کە ئێستا بۆ سەد و سی و یەکەمین هەفتە لە ٥٩ زیندانی وڵاتدا بەردەوامە. درێژەی ئەم کەمپەینە نیشانی دەدات کە خەباتی دژ بە لەسێدارەدان لە ئاستی ناڕەزایەتی بەرامبەر بە سزایەک تێپەڕیوە و بووەتە بەشێک لە خەباتی گشتیی دژ بە ئیستبداد و توندوتیژیی پێکهاتەیی. ئەم خۆڕاگرییە، ئەمڕۆ بووەتە دەنگی هاوبەشی زیندانیان، بنەماڵە دادخوازەکان، کرێکاران، ژنان، لاوان، مامۆستایان، پەرستاران، خانەنشینان و تەواوی هێزە ئازادیخوازەکان

خۆڕاگری لە زینداندا، کاتێک لە سنووری ناڕەزایەتی دژی دۆسیە تاکەکەسییەکان تێدەپەڕێت و لە بزووتنەوەیەکی ڕێکخراودا میکانیزمەکانی سەرکوت و ڕەتکردنەوەی لەسێدارەدان دەکاتە بابەتی ناڕەزایەتیی بەکۆمەڵ، بەکردەوە دەبێتە خەباتێکی سیاسی دژی دەسەڵات. هەر لەبەر ئەمە، خەبات دژ بە سێدارە ناکرێت لە خەبات دژ بەو پەیوەندییانە جیا بکرێتەوە کە سێدارە بەرهەم دەهێننەوە. تا ئەو کاتەی دەزگای دەوڵەت بنەماکەی سەرکوت، چەوساندنەوە، هەڵاواردن، ئایدۆلۆژیای ئایینی و توندوتیژی ڕێکخراو بێت، لەسێدارەدان، شەڕ و سەرکوتیش سەرلەنوێ بەرهەم دەهێندرێنەوە. هەر بۆیە، خەباتی دژ بە لەسێدارەدان، بەشێکی دانەبڕاوە لە خەبات بۆ کۆتاییهێنان بە هەژموونی سەرمایە، ئیستبدادی ئایینی، هەڵاواردنی نەتەوەیی و ڕەگەزی، میلیتاریزم و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد، یەکسان و سۆسیالیستی

شورای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان، بانگەواز لە سەرجەم چالاکانی چەپ و کۆمۆنیست و تەواوی هێزە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکان دەکات کە لە هەر شار، وڵات یان شوێنێک کە ئامادەییان هەیە، بە شێوەیەکی چالاکانە لە کەمپەینەکانی خەبات دژ بە لەسێدارەدان، چ بە شێوەی سەربەخۆ و چ لەڕێگەی هاوکاری و هاوپشتی لەگەڵ هێزە ئازادیخوازەکانی دیکەدا، بۆ ئازادی زیندانیانی سیاسی بەشداری بکەن و بە ئامادەبوونی کاریگەر لە ئەکسیۆنەکان، کۆبوونەوە و کەمپەینەکانی دژ بە لەسێدارەدان، دەنگی دژایەتی ماشێنی سەرکوت و سیاسەتی مەرگ بەرزتر بکەن

ئەمڕۆ پتر لە هەر کاتێکی دیکە، پەرەپێدانی هاوپشتی لە نێوان کرێکاران، ژنان، لاوان، مامۆستایان، پەرستاران، خانەنشینان، خوێندکاران، نەتەوە ژێردەستەکان، زیندانیانی سیاسی و بنەماڵە دادخوازەکاندا، مەرجی بنەڕەتی تێکشکاندنی ماشێنی سێدارە و سەرکوتە

**نا بۆ سێدارە، نا بۆ شەڕی کۆنەپەرستانە**

**ئازادیی بێ شەرت و مەرجی زیندانیانی سیاسی**

**بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی!**

**بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم!**

**شورای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان**

چوارشەممە، ٧ی گەلاوێژی ١٤٠٥، بەرامبەر بە ٢٩ی جوولای ٢٠٢٦

واژۆکان: یەکێتیی سۆسیالیستیی کرێکاری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری - حیکمەتیست، ڕێکخراوی ڕاهی کارگەر، ڕێکخراوی فیداییان (ئەقەلییەت) و هەستەی ئەقەلییەت

❊❊❊



# شەڕ درێژەی سیاسەتی کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامی و پاوانخوازیی ئیمپریالیستی دەوڵەتی ئەمریکایە

هەر شەڕێک پێش ئەوەی لە مەیدانی نەبەردەوە دەست پێ بکات، لە گۆڕەپانی سیاسەت، ئابووری و ئایدۆلۆژییدا ئامادەکاری بۆ دەکرێت. ئەو شەڕەی کە ئەمڕۆ بەسەر خەڵکی ئێران و ناوچەکەدا سەپێندراوە، ئەڵقەیەکە لە زنجیرەیەکی درێژ کە ئامانج لێی پێناسەکردنەوەی پێگەی کۆمەڵگایەکە لەنێو نەزمی جیهانی سەرمایەداریدا. لەم هەلومەرجەدا، بۆ شیکردنەوەی ئەم شەڕە و خستنەڕووی وێنەیەکی ڕاستەقینە لەو پەیوەندییانەی کە ئەم کارەساتەیان بەرهەم هێناوە، دەبێت تیشک بخەینە سەر سروشتی ڕاستەقینەی سیاسەتی سەرمایەدارانە و کۆنەپەرستانەی هەم دەوڵەتی ئەمریکا و هەم ڕژێمی کۆماری ئیسلامی. لە ٢٨ی فێبریبەوە تا کاتی جێبەجێکردنی ئاگربەست لە ٨ی ئەپریلدا، بەپێی ئامارە بەردەستەکان، بۆمب و مووشەکەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل نزیکەی ٢٣ هەزار جار بەر خاکی ئێران کەوتوون. ئەم ئۆپەراسیۆنە تەنیا ناوەندە سەربازییەکانی نەکردە ئامانج، بەڵکوو پرد، نەخۆشخانە، خوێندنگە، ماڵەکان، ناوەندە بەرهەمهێنەرەکان و ژێرخانە مەدەنییەکانی دیکەشی وێران کرد. لانیکەم ٣٤٦٨ کەس گیانیان لەدەست دا کە لەنێویاندا حەوت کۆرپەلە و لانیکەم ٣٧٦ منداڵ بوونیان هەبوو. سەرباری ئەمەش، لانیکەم دوو ملیۆن کەس ناچار بوون ماڵ و حاڵی خۆیان جێبهێڵن و پەیوەست بن بە ڕیزی ئاوارەکانەوە.

ئەم ئامارانە تەنیا ڕەهەندە مرۆییەکانی کارەساتێک نیشان دەدەن. بەڵام بۆ تێگەیشتن لە مانا سیاسییەکەی، دەبێت بپرسین هێرشی لەم شێوەیە چ ئامانجێک دەپێکێت؟ وەڵامەکەی ناتوانرێت تەنیا لە ناکۆکییە دیپلۆماسییەکان یان ململانێ ناوچەییەکاندا بدۆزرێتەوە. ئەم شەڕە بەشێکە لە سیاسەتێکی بەرفراوانتر کە ئیمپریالیزم بۆ پاراستنی هەژموون و باڵادەستی خۆی لە نەزمی جیهانیدا پەیڕەوی دەکات؛ سیاسەتێک کە تێیدا ئامرازە سەربازی، ئابووری و میدیاییەکان تەواوکەری یەکترن. ئیمپریالیزم قۆناغێکە لە گەشە و پێگەیشتوویی سەرمایەداری کە تێیدا مۆنۆپۆلە گەورەکان (قۆرخکارییە زەبەلاحەکان)، سەرمایەی دارایی و دەوڵەتە زلهێزەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی بازاڕەکان، سەرچاوەکان، ڕێڕەوەکانی گواستنەوەی وزە و ناوچەکانی نفوزی سیاسی کێبڕکێی یەکتر دەکەن. لە نەزمێکی ئاوادا، سەربەخۆیی سیاسی دەوڵەتەکان تا ئەو جێگەیە قبووڵ دەکرێت کە لەگەڵ بەرژەوەندی زلهێزە باڵادەستەکاندا دژایەتی نەبێت. هەرکاتێک ئەم دژایەتییە دروست دەبێت، کۆمەڵێک ئامراز، لە گەمارۆی ئابوورییەوە بگرە تا ئۆپەراسیۆنی هەواڵگری و لە کۆتاییدا دەستێوەردانی نیزامی، دەخرێنە گەڕ. لە دەیەکانی ڕابردوودا، ئێران یەکێک لە ناوەندەکانی ئەم ڕووبەڕووبوونەوانە بووە. گوشارە ئابوورییەکان، گەمارۆی دارایی، هەڕەشە سەربازییەکان و ئۆپەراسیۆنە ئەمنییەکان، هەموویان پێکهاتەی سیاسەتێکی یەکگرتوو بوون کە ئامانج لێی ڕام کردنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و ناچارکردنی بووە بە قبووڵکردنی پێگەیەک کە هەڕەشە نەبێت بۆ سەر بەرژەوەندی زلهێزە ئیمپریالیستییەکانی ئەمریکا و ئەورووپا. کەواتە، هێرشە سەربازییەکانی ئەم دواییە ناکرێت وەک ڕووداوێکی دابڕاو لەم ڕەوتە مێژووییە سەیر بکرێت.

ڕژێمی کۆماری ئیسلامیش، وەک پایەیەکی دیکەی ئەم شەڕە ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانەیە، بەرهەمی هەلومەرجێکی مێژوویی دیاریکراوە کە هەر لە چوارچێوەی هەمان نەزمی جیهانی سەرمایەداریدا سەری هەڵدا. ڕەوتی دژەشۆڕشی ئیسلامی، ئەگەر بە دروشمی „مەرگ بۆ شا“ سواری شەپۆلی ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بوو، ئەوا دوای دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات، بە دروشمی „مەرگ بۆ ئیسرائیل“ و „مەرگ بۆ شەیتانی گەورە“، شۆڕشی جەماوەری خەڵکی خەڵتانی خوێن کرد. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لەو ڕۆژەوە کە گەیشتە دەسەڵات، هەوڵی دا لە ڕێگەی دامەزراندن و ڕێکخستنی ئەو هێزانەی پێیان دەوترێت „میحوەری موقاوەمەت“، بە دەستێوەردان لە چەقی قەیرانەکانی ناوچەکە و وەبەرهێنانی زەبەلاح لە پڕۆژە ئەتۆمییەکاندا و پەرەپێدانیان، پشکی باڵادەستی لە نەزمی ناوچەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدەست بهێنێت و مانەوەی خۆی مسۆگەر بکات. ئەم حکومەتە، سەرباری هەموو دروشمە دژەئەمریکییەکانی، هەمیشە لە بازنەی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان و چڕکردنەوەی چەوساندنەوەی چینی کرێکاری ئێران و سەرکوتکردنی هەر دەنگێکی ئازادیخوازانەدا هەنگاوی هەڵگرتووە. پێکهاتەی ئابووری ئەم ڕژێمە لەسەر بنەمای چەوساندنەوەی توندی هێزی کار، کەڵەکەبوونی سەرمایە، هەڵاواردن و توندوتیژیی ڕەگەزی، فراوانکردنی دامەزراوە ئابوورییە گرێدراوەکان بە دەسەڵاتی سیاسی و سەرکوتکردنی خۆڕێکخستنی سەربەخۆی کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە دامەزراوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کە ناکۆکی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئیمپریالیزم، ناکۆکی نێوان دوو سیستەمی جیاوازی کۆمەڵایەتی نییە؛ بەڵکوو پێکدادانی نێوان هێزە کۆنەپەرستەکانە کە هەرکامەیان لە چوارچێوەی سەرمایەداریدا، بەدوای بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییە جیاوازەکانی خۆیانەوەن. لەبەر ئەمەش، کرێکاران و خەڵکی ستەمدیتەی ئێران هاوکات قوربانی دوو فۆرم لە هەژموون و پاوانخوازین. لە لایەکەوە، سیاسەتگەلی سەرکوتگەرانە، گەندەڵی پێکهاتەیی، هەڵاواردن و چەوساندنەوەی ڕژێم ژیانیانی خستووەتە ژێر گوشارەوە و لە لایەکی دیکەشەوە، گەمارۆ، هەڕەشە و هێرشە سەربازییە ئیمپریالیستییەکان هەمان کۆمەڵگایان کردووەتە مەیدانی پراکتیزەکردنی هێزی جیهانی. هیچ کام لەم دووانە ئەوی دیکەیان ڕەت ناکاتەوە؛ بەڵکوو لە زۆر حاڵەتدا، یەکتریش بەهێز دەکەن.

ئەگەر ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هەڕەشەی دەرەکی وەک بیانوویەک بۆ توندترکردنی کۆنترۆڵی سیاسی و ئەمنی و چڕکردنەوەی سەرکوتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەکار دەهێنێت، ئەوا سیاسەتی ئیمپریالیستی ئەمریکاش، تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی و دەستێوەردانەکانی لە چەقی قەیرانەکانی ناوچەکەدا، دەکاتە بیانوویەک بۆ توندکردنەوەی گەمارۆ ئابوورییەکان و جێبەجێکردنی هەڕەشە سەربازییەکانی. هەرچەندە پڕوپاگەندەی میدیا ئیمپریالیستییەکان هەوڵ دەدات گەمارۆ ئابوورییەکان وەک ئامرازێک بۆ لاوازکردنی حکومەتی ئیسلامی نیشان بدات، بەڵام لە جیهانی واقیعدا و هەروەک ئەزموونی مێژوویی سەلماندوویەتی، گەمارۆکان پێش هەر شتێک ژیانی چینە ژێردەستەکان دەکەنە ئامانج، بەرهەمهێنان لەناو دەبەن، دەستی خەڵک بە دەرمان و پەروەردە و بژێوی ژیان کورت دەکەنەوە و زەمینەی پەرەسەندنی هەژاری و نایەکسانی خۆش دەکەن. دەسەڵات زۆرجار توانای زیاتری هەیە بۆ گونجاندنی خۆی لەگەڵ بارودۆخی گەمارۆدا، بەڵام ئەوە زۆرینەی خەڵکە کە باجەکەی دەدات. دەرەنجامی ئەم سووڕە، لاوازبوونی هەرچی زیاتری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە پێشڕەوەکان و بەرتەسکبوونەوەی دەرفەتی پێکهاتنی بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری و ڕادیکاڵە. سیاسەتی ئیمپریالیستی ئەمریکا دەیان ساڵە بە شەڕ و گەمارۆ و دەستێوەردان، ژیانی ملیۆنان مرۆڤی لە عێراق، ئەفغانستان، لیبیا، سووریا، فەلەستین و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە لەناو بردووە. ئەزموونی ئەم وڵاتانە نیشانی دەدات کە بۆردومانی فڕۆکە جەنگییە بۆمبهاوێژەکانی ئەمریکا، نە ئازادی بەرهەم هێناوە نە یەکسانی؛ بەڵکوو وێرانی، داڕمانی پێکهاتە ئابوورییەکان، پەرەسەندنی هەژاری و پاشکۆیەتی زیاتری بەدواوە بووە. کەواتە، ئەرکی چالاکانی سۆسیالیست و چەپ و ڕادیکاڵ ئەوەیە، کە هاوکات هەردوو فۆرمی ئەم پاوانخوازییە لەقاو بدەن. خەبات دژی ئیمپریالیزم لە خەبات دژی چەوساندنەوە و سەرکوتگەری و تاوانەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی جیا نابێتەوە. سەربەخۆیی سیاسی چینی کرێکار و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە پێشڕەوەکان ڕێک لەم زەروورەتەوە سەرچاوە دەگرێت.

بە پێچەوانەی هەڵوێست و سیاسەتی پاشایەتیخوازە فاشیستەکان و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی شەڕخواز و ئەو چەپانەی لایەنگری „میحوەری موقاوەمەت“ و ڕژێمی ئیسلامین، داهاتووی ئێران نە لە ناو ئاگری بۆمبهاوێژەکانی زلهێزە ئیمپریالیستەکانەوە دێتە دەرەوە و نە لە بەردەوامبوونی پێکهاتەی سەرکوتگەری سەرمایەی کۆماری ئیسلامییەوە. ڕزگاریی ڕاستەقینە تەنیا لە ڕێگەی خۆڕێکخستن، خەباتی چینایەتی، هاوپشتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و دابڕان لە سەرجەم فۆرمەکانی دەسەڵاتداری و چەوساندنەوە دەستەبەر دەبێت؛ ڕێگەیەک کە نە سەر بە ئۆردوگای ئیمپریالیزمە و نە سەر بە ڕژێمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامییە، بەڵکوو ئاسۆی ئەم ڕێگەیە، بونیادنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان و خۆشگوزەرانە کە تێیدا مرۆڤ لە هەر جۆرە پاوانخوازی و ستەم و چەوساندنەوەیەکی سەرمایە ڕزگاری بووبێت.

❊❊❊



# لەسێدارەدان لەبەرچاوی جەماوەر و ناڕەزایەتییەکانی ئیسفەهان؛ ئەوپەڕی داماویی کۆماری ئیسلامی

بەرەبەیانی سێشەممە ٦ی گەلاوێژی ١٤٠٥، ڕژێمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی، „ئەبولفەزل سوپاهی بادیجانی“ و „ئەمیرحسێن سەفەری حوسێناباد“ی، دوو کەس لە دەستبەسەرکراوانی ناڕەزایەتییەکانی بەفرانباری ١٤٠٤ لە دۆسیەی ناسراو بە „مەیدانی عەلیخانی“ی ئیسفەهان، هەر لەو مەیدانە و لەبەرچاوی خەڵکدا لەسێدارە دا. دەزگای قەزایی ئەم دوو لاوە تێکۆشەرەی بە تۆمەتگەلێکی وەک „محاربە“، „افساد فی‌الارض“، „بەغی“ و بەشداریکردن لە کوشتنی چوار مۆرەی هێزە سەرکوتگەرەکان مەحکووم بە مەرگ کردبوو؛ تۆمەتگەلێک کە ڕەوتی پێڕاگەیشتن پێیان کەوتبووە بەر ناڕەزایەتی و گومانێکی جیدی؛ بەتایبەت بەهۆی نەبوونی دادگایەکی دادپەروەرانە، وەرگرتنی دانپێدانانی زۆرەملێ و بێبەشکردنی تۆمەتباران لە مافی هەبوونی پارێزەر.

جیا لە گێڕانەوەی فەرمی دەسەڵات، جێبەجێکردنی ئاشکرای ئەم حوکمانە دەبێت وەک بەشێک لە شانۆگەرییەکی سیاسی نیشاندانی هێز و پەرەپێدانی توندوتیژی سەیر بکرێت؛ شانۆگەرییەک کە ئامانج لێی دروستکردنی ترس و تۆقاندنی گشتی و نۆژەنکردنەوەی هەیمەنەی حاکمییەتە لە جەرگەی ئەو قەیرانەدا کە سەرانسەری کۆمەڵگەی تەنیوەتەوە. ئەم ئێعدامانە تەنیا چەند کاتژمێرێک دوای ئەوە بەڕێوە چوون کە هەزاران کەس لە جەماوەری ئیسفەهان، سەرەڕای کەشوهەوای قورسی ئەمنییەتی و جێگیربوونی بەربڵاوی هێزەکانی سەرکوت، لە مەیدانی عەلیخانی کۆبوونەوە بۆ ئەوەی دژی ئەم تۆڵەسەندنەوە و کوشتارە دەوڵەتییانە ناڕەزایەتی دەرببڕن. دەسەڵات پێشوەختە بە هەڵدانی پەتی سێدارە لە مەیدانەکەدا، پەیامی خۆی بەئاشکرا ئاراستەی کۆمەڵگە کردبوو کە هەر جۆرە دەنگهەڵبڕینێک بە توندوتیژییەکی بێبەزەییانە وەڵام دەدرێتەوە. بەڵام هاتنەمەیدانی خەڵک نیشانی دا کە ئەم شانۆی مەرگە، نەک هەر کۆمەڵگە چاوترسێن ناکات، بگرە پێچەوانەی ویستی ڕژێم، تووڕەیی و بەرخۆدانیش دەخرۆشێنێت. بەکارهێنانی غازی فرمێسکڕێژ، لەیزەر، هێرشی هێزە ئەمنییەکان و تەقەکردن لە خۆپیشاندەران، جارێکی تر سەلماندی کە کۆماری ئیسلامی بۆ پاراستنی هەژموونی خۆی، هیچ ئامرازێکی جگە لە توندوتیژیی ڕێکخراو لەبەر دەستدا نییە.

دەوڵەت، لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، ئامرازی ڕێکخراوی زاڵبوونی چینێکە بەسەر چینێکی تردا. تا ئەو کاتەی ئەم دەسەڵاتە بتوانێت لانیکەم ڕەزامەندییەکی کۆمەڵگە دەستەبەر بکات، ئامرازە ئایدۆلۆژیک، میدیایی و یاساییەکان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن؛ بەڵام کاتێک قەیرانی مەشروعییەت قووڵتر و بەربڵاوتر دەبێتەوە و کەلێنی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگە فراوانتر دەبێت، دەوڵەت زیاتر لە جاران پەنا بۆ داپڵۆساندن و زەبری ڕاستەوخۆ دەبات. کۆماری ئیسلامی ئەمڕۆ ڕێک لە دۆخێکی وەهادایە. مەترسی داڕمانی ئابووری، هەڵاوسان و گرانی بێسنوور، دابەزینی ئاستی بژێویی ژیان، گەندەڵیی پێکهاتەیی، درزەکانی ناوخۆی حاکمییەت و بەردەوامی ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان، توانای دەسەڵاتیان بۆ پاراستنی نەزم لە ڕێگەی ڕەزامەندییەوە لەناوبردووە. لەم هەلومەرجەدا، لەسێدارەدان دەبێتە یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی مانەوەی سیاسی. ڕژێم بە هەر لەسێدارەدانێک، ڕوو لە ملیۆنان کەس دەکات. پەیامەکە ڕوونە: هەر کەسێک ئاستەنگ بۆ نەزمی باو دروست بکات، بەرەوڕووی چارەنووسێکی لەم شێوەیە دەبێتەوە.

هەر بەم هۆیەوە، لەسێدارەدان لە کۆماری ئیسلامیدا دەبێت وەک بەشێک لە میکانیزمی „بەرپەرچدانەوەی سیاسی“ سەیر بکرێت؛ میکانیزمێک کە هەوڵ دەدات لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی ترسەوە، دەرفەتی خۆڕێکخستن و تەشەنەسەندنی ناڕەزایەتییەکان بەرتەسک بکاتەوە.

دوای ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی „ژن، ژیان، ئازادی“، ئەم سیاسەتە لە هەر کاتێکی تر ئاشکراتر بووە. حاکمییەت بەباشی تێگەیشت کە بەشێکی گەورەی کۆمەڵگە ئیتر بە هەڕەشە باوەکان پاشەکشە ناکات. بۆیە، مەودای سەرکوتی فراوانتر کرد و لە چالاکانی سیاسی، خۆپیشاندەرانی سەرشەقام، ژنان، خوێندکاران و هەڵسوڕاوانی کرێکارییەوە بگرە لە تاران و کوردستانەوە تا بەلووچستان و خوزستان و ئازەربایجان و کۆچبەرانی ئەفغانستانی، خستە بەر توندترین سزاکان. خاڵی هاوبەشی ئەم دۆسیانە، پێویستیی دەسەڵاتە بە نۆژەنکردنەوەی هەیمەنەی خۆی لە ڕێگەی کوشتاری بەرنامەبۆداڕێژراو و توندوتیژییەوە. لەسێدارەدان لەبەرچاوی جەماوەریشدا پێگەیەکی تایبەتی لەم ستراتیژییەدا هەیە. حکوومەت هەوڵ دەدات توندوتیژی بکاتە شانۆیەکی گشتی، شانۆیەک کە تێیدا جەستەی مرۆڤ دەبێتە ئامرازێک بۆ گواستنەوەی پەیامی سیاسی. گۆڕەپانی شار دەبێتە مەیدانی نمایشکردنی هێزی دەسەڵات تا هاووڵاتیان نەک تەنیا لە هەواڵی لەسێدارەدانەکە، بەڵکوو لە بینینی ڕاستەوخۆیشی چاوترسێن بن. بەڵام هەر ئەم شانۆیە، ناتەباییە بنەڕەتییەکەی کۆماری ئیسلامیش ئاشکرا دەکات. دەسەڵاتێک کە بۆ سەلماندنی هێزی خۆی ناچارە پەتی سێدارە لە مەیدانی شاردا هەڵبدات و هەزاران هێزی سەرکوتگەر بۆ پاراستنی بهێنێتە سەر شەقام، لە ڕاستیدا پەردە لەسەر لاوازیی خۆی لادەدات. دەسەڵاتێک کە بەبێ نمایشی بەردەوامی توندوتیژی توانای درێژەدانی نەبێت، پێش هەر شتێک بەرەوڕووی قەیرانی مەشروعییەت بووەتەوە.

ناڕەزایەتیی خەڵکی ئیسفەهان ڕێک لەم خاڵەدا گرنگیی پەیدا دەکات. ئەم کۆبوونەوەیە، تێکشکاندنی یەکێک لە گرنگترین میکانیزمەکانی ڕژێم بوو بۆ دروستکردنی ترس. ئەو خەڵکەی وشیارانە چوونە مەیدانێکەوە کە پێشوەختە کرابووە سەربازگە، نیشانیان دا کە هاوکێشەی نێوان ترس و بەرخۆدان لە کۆمەڵگەدا گۆڕاوە. دەسەڵات هێشتا هێزی سەرکوتی هەیە، بەڵام ئیتر ناتوانێت وەک ڕابردوو لە ڕێگەی ترسەوە، کۆمەڵگە دەستەوەستان و پاسیڤ بهێڵێتەوە. ئەم ڕاستییەی کە ناڕەزایەتیی جەماوەری تێکۆشەری ئیسفەهان نەیتوانی ڕێگە لە جێبەجێکردنی حوکمەکە بگرێت، هیچ لە گرنگییە سیاسییەکەی کەم ناکاتەوە. مێژووی خەباتە کۆمەڵایەتییەکان پڕە لەو نموونانەی کە تێیاندا شکستە کاتییەکان، زەمینەی سەرکەوتنە گەورەترەکانیان خۆش کردووە. گرنگیی ناڕەزایەتییەکەی ئیسفەهان لەوەدایە کە خەباتی دژی لەسێدارەدانی لە پرسێکی پەیوەست بە بنەماڵەی مەحکوومانەوە تێپەڕاند و کردی بە داخوازییەکی گشتیتر.

هەر هەنگاوێک کە ئەم داخوازییە کۆمەڵایەتیتر بکاتەوە، بەشێک لە کارکردی سێدارە وەک ئامرازی تۆقاندن لەناودەبات. هاوکات، مانگرتن لە خواردن و ناڕەزایەتی سەدان زیندانی مەحکووم بە سێدارە لە یەکەی دووی زیندانی قزلحەسار و بەردەوامی هەڵمەتی „سێشەممەکانی نا بۆ سێدارە“، دیمەنەکانی تری هەر ئەم بەرخۆدان و خەباتەن. ئەو زیندانیانەی لە سەختترین هەلومەرجدا، بە خستنەمەترسی گیانی خۆیان، هەوڵ دەدەن بەرەنگاربوونەوەی ماشێنی ئێعدام بکەن بە پرسێکی گشتی. بەڵام ئەم خەباتە تەنیا کاتێک دەبێتە هێزێکی یەکلاکەرەوە کە گرێ بدرێت بە ناڕەزایەتییەکانی دەرەوەی زیندان، مانگرتنە کرێکارییەکان، بزووتنەوەی ژنان، خوێندکاران، مامۆستایان و خانەنشینان و دادخوازان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە پێشڕەوەکانی ترەوە.

ئەمڕۆ کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات مانەوەی خۆی بە پەتی سێدارە گرەنتی بکات، بەڵام هەر ئەم سیاسەتە دەتوانێت ببێتە یەکێک لە هۆکارەکانی قووڵبوونەوەی قەیرانەکەی. هەر لەسێدارەدانێک، ئەگەر ڕووبەڕووی بەرخۆدانی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی ببێتەوە، تووڕەیی پەنگخواردووی کۆمەڵگە دەکاتە هێزێکی وشیارتر و ڕێکخراوتر. ئەو دەوڵەتانەی کە تەنیا لە ڕێڕەوی توندوتیژییەوە هەوڵی پاراستنی دەسەڵاتەکەیان دەدەن، درەنگ یان زوو بەرەوڕووی ئەم ڕاستییە دەبنەوە کە توندوتیژی، هەرچەندە بتوانێت خەباتەکە بە شێوەیەکی کاتی پاشەکشە پێ بکات، بەڵام توانای ئەوەی نییە ئەو ناتەباییە ماددی و کۆمەڵایەتییانەی کە سەرچاوەی ناڕەزایەتین، لە ڕەگەوە هەڵکەنێت. لەم ڕووەوە، خەباتی دژی سێدارە تەنیا بۆ ڕزگارکردنی گیانی مەحکوومان نییە، هەرچەندە ئەوەش خۆی ئەرکێکی گرینگ و ئینسانییە. ئەم خەباتە، نەبەردێکە بۆ چەککردنی سیاسی ڕژێمی تاوانکاری سەرمایەی ئیسلامی، کە گرنگترین ئامرازی مانەوەی خۆی لە دروستکردنی ترس و تۆقاندندا دۆزیوەتەوە. ئەگەر کۆمەڵگە بتوانێت ئەم ئامرازە پەک بخات و ماشێنی ئێعدام ڕابگرێت، یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هەرەس دەهێنێت. لە هەلومەرجێکی وەهادا، دارەکانی سێدارە ئیتر هێمای دەسەڵات نابن، بەڵکوو دەبنە مۆنۆمێنتێک بۆ داماوی نیزامێک کە لەبەرامبەر کۆمەڵگەیەکی ناڕازی و ڕێکخراو و تینووی ئازادیدا، جگە لە مەرگ هیچی تری پێ نەبوو.

❊❊❊



### ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

# مانگرتن لە خواردنی زیندانییانی قزڵحەسار، هاوارێک بە دژی ماشێنی ئێعدامی کۆماری ئیسلامی

مانگرتن لە خواردنی زیندانییانی یەکەی دووی زیندانی قزڵحەسار کە لە ڕۆژی دووشەممە ٢٢ی پووشپەڕی ١٤٠٥ـەوە، وەک نارەزایەتیدەربڕین بەرامبەر بە گواستنەوەی شەش زیندانی مەحکووم بە سێدارە بۆ ژوورە تاکەکەسییەکان دەستی پێ کردبوو، سێزدەیەمین ڕۆژی خۆی تێپەڕاند. زیندانییان بە کۆبوونەوە و مانگرتن لە ساڵۆنی بەندیخانەکە و وەرنەگرتنی ژەمی خواردنی زیندان، نارەزایەتی خۆیان دژی حوکمەکانی لەسێدارەدان، بەتایبەتی لە دۆسیەکانی پەیوەست بە مادده هۆشبەرەکاندا ڕاگەیاند. ئەو ڕاپۆرتانەی لە ناوخۆی زیندانەوە بڵاو کراونەتەوە، باس لە تێکچوونی باری تەندروستیی مانگرتووان، بایەخنەدانی ئانقەستی بەرپرسانی زیندان و خۆبواردنی دەزگای قەزایی لە بەدواداچوون بۆ داواکارییەکانیان دەکەن. ئەم ڕەفتارانە، بەشێکن لەو سیاسەتە ئاگاهانەیەی کە خستنەمەترسیی گیانی زیندانییانیشی کردووەتە ئامرازێک بۆ تۆقاندنی کۆمەڵگا

مانگرتن لە خواردنی زیندانییانی قزڵحەسار و "هەڵمەتی سێشەممەکانی نا بۆ سێدارە" لە بارودۆخێکدا درێژەی هەیە کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، دەرکردنی یەک لەدوای یەکی حوکمەکانی سێدارە و جێبەجێکردنی ئەم سزایە دژەمرۆییەی، کردووەتە میکانیزم و کۆڵەکەی سەرەکیی مانەوەی دەسەڵاتە قەیراناوییەکەی. کۆماری ئیسلامی لە هەلومەرجێکدا کە بەرەوڕووی قەیرانی قووڵی ئابووری و سیاسی بووەتەوە و پەرەسەندنی بێکاری و هەڵاوسان و گرانی بێسنوور و نارەزایەتییە بەربڵاوە کۆمەڵایەتییەکان، قەیرانی ڕەواییە سیاسییەکەی پتر کردووە، زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە پەنای بردووەتە بەر توندوتیژیی ڕێکخراو، دەرکردنی حوکمەکانی مەرگ و سەرکوتی بێسنوور و ئاشکرا. پەرەپێدانی سەرکوت و لەسێدارەدان بۆ ئەم دەسەڵاتە، یەکێک لە کۆڵەکەکانی ستراتیژی مانەوە و تاکتیکێکە بۆ تۆقاندن و بەرەنگاربوونەوەی ڕەوتی دروستبوون و فراوانبوونی نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان

لە کاتێکدا کە کرێکاران و زەحمەتکێشان و زۆرینەی خەڵکی ئێران، دەستەویەخەی دەرئەنجامە وێرانکەرەکانی شەڕێکی کۆنەپەرستانە و نەخوازراون کە کۆماری ئیسلامی لایەنێکیەتی، سەرانی ئەم ڕژێمە لە سێبەری ئەم شەڕەدا، سەرکوت و تۆقاندنیان چڕتر کردووەتەوە. ئەزموونی ڕابردووش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە هەر کاتێک کۆمەڵگا کەوتبێتە ژێر گوشاری شەڕ، نائارامی و قەیرانەوە، کۆماری ئیسلامی بازنەی دەستبەسەرکردنەکان، دۆسیەسازییە ئەمنییەکان و جێبەجێکردنی حوکمەکانی سێدارەی فراوانتر کردووە. شەڕی کۆنەپەرستانە و سەرکوت، دوو دیوی یەک سیاسەتی هاوبەشن بۆ پاراستنی دەسەڵاتی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی و قوربانییە سەرەکییەکانیشی بریتین لە کرێکاران، زەحمەتکێشان، ژنان، لاوان و سەرجەم هێزە ئازادیخوازەکانی کۆمەڵگا. لە هەلومەرجی شەڕ و سەرکوتدایە کە ژیان و گوزەرانی چینە چەوساوەکانی کۆمەڵگا بەرەو لەناوچوون دەچێت و بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی ئەوانە کە پەراوێز دەخرێن

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران جارێکی دیکە پشتیوانی خۆی بۆ خۆڕاگری و ڕاوەستانی زیندانییانی مانگرتووی قزڵحەسار وەک نارەزایەتییەک دژی سزای لەسێدارەدان و لە "هەڵمەتی سێشەممەکانی نا بۆ سێدارە" ڕادەگەیەنێت و هاوکات لەگەڵ مەحکوومکردنی ئەو گوشار و بەربەستانەی خراونەتە سەر مانگرتووان، ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و دامەزراوە ئەمنی و قەزاییەکانی بە بەرپرسیاری ڕاستەوخۆی هەرچەشنە زیانێکی گیانی بۆ سەر زیندانییانی نارازی دەزانێت. لە ڕوانگەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە، لەسێدارەدان شێوەیەکی ڕێکخراوی توندوتیژی و کوشتنی دەوڵەتییە دژی مرۆڤ. هیچ دەسەڵاتێک نابێت مافی سەندنەوەی ژیانی لە مرۆڤەکان هەبێت. خەبات دژی لەسێدارەدان، بەشێکی دانەبڕاوە لە خەبات لەپێناو ئازادی، یەکسانی و ڕزگاریی کۆمەڵگا لە چەوسانەوە، ستەم و سەرکوت. دەبێ هەوڵ بدرێت بەرەی سەرەکیی خەبات دژی سزای لەسێدارەدان و ئازادیی زیندانییانی سیاسی، بۆ دەرەوەی زیندانەکان بگوازرێتەوە. دەبێ هەوڵ بدرێت داواکاری ئازادی زیندانییانی سیاسی و هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان، بکرێتە داواکاری بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاری و سەرجەم بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان. تەنیا بە پەرەپێدان و جەماوەریکردنی بزووتنەوەی خەبات بۆ ئازادی زیندانییانی سیاسی و هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدانە کە دەتوانرێت ماشێنی سەرکوت و ئێعدامی کۆماری ئیسلامی ڕابگیرێت

لە دەرەوەی وڵاتیش پێویستە هەموو حیزب و ڕێکخراوە و دامەزراوە سیاسییە سۆسیالیست و چەپ و پێشڕەوەکان و مرۆڤە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکان، دەست لەناو دەستی یەکتر و بە ڕێکخستن و وەڕێخستنی کەمپەینە سیاسییەکان، گوشار بخەنە سەر ڕژێمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی کۆتایی بە ئێعدامەکان بهێنێت و زیندانییانی سیاسی ئازاد بکات. پشتیوانیکردن لە زیندانییانی مانگرتووی قزڵحەسار و "هەڵمەتی سێشەممەکانی نا بۆ سێدارە" و پارێزگاریکردن لە گیانی زیندانییان و بەرەنگاربوونەوەی ماشێنی ئێعدامی کۆماری ئیسلامی، بەشێکە لە خەباتی هاوبەش بۆ کۆتاییهێنان بە سیستەمێک کە مانەوەی خۆی لەسەر بنەمای هەژاری، شەڕ، سەرکوت و کۆمەڵکوژی بنیات ناوە

**زیندانیی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێت!**

**سزای ئێعدام دەبێ هەڵبوەشێتەوە!**

**بڕووخێ کۆماری ئیسلامی!**

**ئازادی، یەکسانی، حکوومەتی کرێکاری!**

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

٤ی گەلاوێژی ١٤٠٥

٢٦ی جوولای ٢٠٢٦

❊❊❊

# کۆماری ئیسلامی ناتوانێت بە شەڕانگێزی مانەوەی خۆی مسۆگەر بکات

درێژەکێشانی داخرانی گەرووی هورمز و گەمارۆی دەریایی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، هێشتا ڕێگرە لە هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوتی کۆماری ئیسلامی لە بازاڕەکانی جیهاندا و قەیرانی ئابووری ڕژێمی گەیاندووەتە لێواری داڕمان. سەرەڕای ئەمەش، کادری سەرکردایەتی و فەرماندەکانی سوپای پاسداران، هەوڵ دەدەن بە هاویشتنی مووشەک و درۆن بۆ سەر کەشتییە نەوتهەڵگرەکان لە گەرووی هورمز و بەرەو ژێرخانە ئابوورییەکانی وڵاتانی ناوچەکە و بنکەکانی ئەمریکا لەو وڵاتانەدا، گوشار بخەنە سەر دەوڵەتی ئەمریکا تاوەکوو مل بە "سازشێکی ئابڕوومەندانە" بدات. بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵیان داوە تا پاشماوەی هێزەکانی ناسراو بە "میحوەری موقاوەمەت" بۆ ئامانجەکانی خۆیان بەکار بهێنن. لە یەک مانگی ڕابردوودا و بەدوای شانۆگەری ئامانجدار بۆ تەرمی عەلی خامنەیی لە شارەکانی نەجەف و کەربەلا لە عێراق، هەندێک لە گرووپە بەکرێگیراوەکانی حەشدی شەعبیشیان پڕچەک و چالاک کردووە تاوەکوو بە هاویشتنی مووشەک و درۆن بۆ سەر بنکەکانی ئەمریکا و ناوەندە نەوتییەکانی بەحرەین، ئۆردون، عەرەبستانی سعوودی، هەرێمی کوردستان و تەنانەت قەتەریش، نیشانی بدەن کە دەتوانن ئاسایشی ئەوان بخەنە مەترسییەوە

هاویشتنی مووشەک بەرەو ناوەندە نەوتییەکانی عەرەبستانی سعوودی لەلایەن ئەم گرووپانەوە لە عێراق و بە ڕێنوێنی ڕاستەوخۆی فەرماندەکانی سوپای پاسداران لە هەفتەی ڕابردوودا، بە هێرشی بەربڵاو و هاوبەشی ئەمریکا و عەرەبستانی سعوودی بۆ سەر ئەو گرووپانە وەڵام درایەوە. لە میانەی ئەم هێرشە هاوبەشانەدا، بنکەکانی گرووپەکانی حەشدی شەعبی سەر بە کۆماری ئیسلامی و ناوەندەکانی فەرماندەییان لە شارەکانی حەوت پارێزگای عێراقدا خاپوور کران. حەشدی شەعبی لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماری سەرەتایی کوژراوانی ئەم هێرشانەی لانیکەم ٢٠ کەس و ژمارەی بریندارەکانیشی ٣٢ کەس ڕاگەیاند. سەرەڕای ئەوەش، کوژرانی ٥ کەس لە فەرماندەکانی سوپای پاسداران لەم ئۆپەراسیۆنانەدا و گواستنەوەی تەرمەکانیان بۆ ئێران، هیچ گومانێکی بۆ دەوڵەتانی دەرەکی و بیروڕای گشتی نەهێشتەوە کە کۆماری ئیسلامی دەستی هەبووە لە هێرشە مووشەکی و درۆنییەکان بۆ سەر عەرەبستانی سعوودی لەم قۆناغەدا. گرووپی "حەرەکەت حیزبوڵڵا ئەلنوجەبا"ی سەر بە کۆماری ئیسلامی، هەڕەشەی ئەوەی کرد کە لە تۆڵەی ئەوەدا، بەرژەوەندی و ئاسایشی ئەمریکا و عەرەبستان لە ناوچەکەدا دەکەنە ئامانج

ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە عەرەبستانی سعوودی بە بەڕێوەبردنی کۆنفرانسێک بە بەشداریی نوێنەرانی ٤٣ دەوڵەت لە ڕیازی پایتەختی ئەم وڵاتەدا، هاوپەیمانییەک بە بەشداری ١٤ دەوڵەت لەوانە میسر، ئۆردون، تورکیا، پاکستان، یەمەن و دەوڵەتانی کەنداو، بۆ پاراستنی ڕێڕەوە کەشتیوانییە گرنگەکانی ناوچەکە پێک بهێنێت. هەر لەم پەیوەندییەدا، سکرتێری

گشتی ئەنجومەنی هاوکاری کەنداو، هێرشە بەردەوامەکانی گرووپەکانی حەشدی شەعبی بۆ سەر عەرەبستان لە ڕۆژی سێشەممەدا مەحکووم کرد و جەختی لەسەر هاوپشتی وڵاتانی ئەندامی ئەنجومەنەکە لەگەڵ عەرەبستان کردەوە. ئەم کاردانەوانە، کۆماری ئیسلامی دەخاتە پێگەیەکی لاوازترەوە بۆ دەستێوەردان لە گەرووی هورمزدا. لە هەنگاوێکی دیکەدا، ئەم دەوڵەتانە و ئەمریکا، گوشارێکی زیاتریان خستووەتە سەر عەلی زەیدی، سەرۆکوەزیران و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق، تاوەکوو هەرچی زووتر پاشماوەی گرووپەکانی حەشدی شەعبی چەک بکات

هێرشە مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەکانی ئەمریکا، بەتایبەتی لە ئۆردون لە ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوودا، وای کرد کە ترەمپ ڕاییگەیەنێت بە هەماهەنگی لەگەڵ ناتانیاهۆ فەرمانی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی بەربڵاوی دژی ژێرخانەکانی وزەی کۆماری ئیسلامی دەرکردووە، بەڵام بە نێوەندگیریی هەندێک لە دەوڵەتان ڕایگرتووە و دەرفەتێکی دیکە دەداتە کۆماری ئیسلامی بۆ دانوستان و ڕێککەوتن. بەدوای ئەوەدا عەباس عێراقچی، وەزیری دەرەوەی ڕژێمی ئیسلامی لە ڕۆژی یەکشەممە ١١ی گەلاوێژدا ڕایگەیاند کە دانوستانەکانی تاران و مەسقەت سەبارەت بە گەرووی هورمز لە قۆناغەکانی کۆتاییدایە. وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕژێمیش وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەم هەواڵە ڕایگەیاند کە: "ڕەوتی دانوستانەکان بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە و هاوکارییەکی باشمان لەگەڵ عومان هەیە لەپێناو کردنەوەی ڕێڕەوێکی نوێی دەریایی لە گەرووی هورمزدا". سەرەڕای ئەمەش، هەواڵدەریی "فارس"ی سەر بە سوپای پاسدارانی ڕژێم، هەواڵی ڕێککەوتن بۆ کردنەوەی گەرووی هورمزی بەدرۆ خستەوە. بڕیارە لاسەنگەکانی ترەمپ لە ڕاگەیاندنی شەڕ و هەڵوەشاندنەوەیان تا ئێستا، نیشانی دەدات کە ئەو سەرەڕای لاف و گەزاف لێدان و شەڕانگێزییەکانی، لە شەڕ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا نەگەیشتووەتە ئامانجەکانی خۆی و بۆ درێژەدان بە شەڕ، ڕووبەڕووی کێشە و گوشارێکی زۆری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بووەتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش جگە لە هەڵوەشاندنەوەی فەرمانی ئۆپەراسیۆنی بەرفراوانی سەربازی، فەرمانی پاشەکشە



و چۆڵکردنی بنکەکانی لە هەندێک خاڵی وڵاتانی ناوچەکە و لەوانەش لە هەولێری هەرێمی کوردستان دەرکرد و جێبەجێی کرد

بەڵام شەڕی تا ئێستای کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکادا، جگە لەوەی کە زیانێکی زۆری بە ژێرخانە سەربازییەکان، بنکە مووشەکی و درۆنییەکان، ناوەندەکانی فەرماندەیی و کەرەستە لۆجستی و پەیوەندییەکانی ڕژێم گەیاندووە، دامەزراوەکانی ئاو، کارەبا، تۆڕەکانی پەیوەندیکردن، ڕێگاوبان، پرد، تونێل و ناوەندە بەرهەمهێنەرەکانیشی کاول کردووە، تا ئەو جێگەیەی کە نۆژەنکردنەوە و ئاوەدانکردنەوەیان ساڵانێک کات و سەدان ملیار دۆلار تێچووی دەوێت کە ئەمەش بەسەر سفرە و بژێویی خەڵکی ئێراندا دەسەپێندرێت. ئاکامەکانی ئەم شەڕە ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانەیە، ئەگەر بۆ فەرماندە و ڕێبەرە دز و گەندەڵەکانی کۆماری ئیسلامی هیچ گرنگییەکی نەبێت و ژیانی پڕلەنازوونیعمەت و وەبەرهێنانەکانیان لە دەرەوەی وڵات نەخاتە مەترسییەوە، بەڵام نەهامەتییەکانی ئەم شەڕە وێرانکەرە بە پەرەسەندنی بێکاری، گرانی، هەڵاوسان و هەژارییەکی بێوێنە، ژیان و گوزەرانی کرێکاران و زۆرینەی خەڵکی ئێرانی بەتوندی خستووەتە ژێر گوشارەوە

سەرەڕای ئەمەش، ڕژێمی کۆماری ئیسلامی کە توانای دابینکردنی خواست و داواکارییەکانی کرێکاران و توێژە هەژار و زەحمەتکێشەکانی دیکەی کۆمەڵگای نییە، دەیەوێت بە پشتبەستن بە توندکردنەوەی سەرکوت و هەڕەشە و لەسێدارەدان لە زیندانەکان و لە شوێنە گشتییەکاندا، کۆمەڵگا چاوترسێن بکات و پێشگیری لە تەقینەوەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی بکات. بەڵام بێگومان توندکردنەوەی سەرکوتگەرییەکان ناتوانێت ڕێگر بێت لە بەردەوامی و پەرەسەندنی مانگرتن و ناڕەزایەتییەکانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ناتوانێت ڕەوتی داڕمان و ڕووخانی ڕژێمی ئیسلامی بوەستێنێت

❋❋❋

## کۆتاییهێنان بە شیرکەتە پەیمانکارییەکان، خواستی سەرەکیی کرێکارانی پەیمانی

لێکەوتەکانی شەڕی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانەی دەوڵەتی ئەمریکا و ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، زیاتر لە هەر کاتێکی تر، کار و ژیان و بژێوی کرێکارانی خستووەتە ژێر گوشارێکی توندەوە و ڕژێم بە بیانووی بارودۆخی شەڕەوە، خواست و داواکارییەکانی کرێکارانی بە تەواوی پشتگوێ خستووە. ڕۆژی شەممە ٣ی گەلاوێژ، سەرۆکی ڕێکخراوی کارگێڕی و دامەزراندنی دەوڵەتی پزیشکیان ڕایگەیاند کە: "بەهۆی لەمپەرە یاساییەکانەوە، دەوڵەت توانای گۆڕینی دۆخی گرێبەستی ٧٠٠ هەزار کەس لە کرێکارانی سەر بە کۆمپانیاکانی نییە." ئەمە لە کاتێکدایە کە ساڵانێکە کرێکارانی گرێبەست و چالاکان و ڕێکخراوە کرێکارییە سەربخۆکان خوازیاری وەدەرنان و هەڵوەشاندنەوەی شیرکەتە پەیمانکارییە مفتەخۆرەکانن؛ ئەو کۆمپانیایانەی کە لەسەر حسابی چەوساندنەوەی هێزی کاری کرێکاران سەرمایەی خۆیان کەڵەکە دەکەن و بەشێک لە حەقدەست و ڕەنجی کرێکاران دەخەنە گیرفانی خۆیانەوە. خاوەنی ئەم کۆمپانیایانە زۆربەیان سەرمایەدارە ڕانتخۆرەکانن و لە داروودەستە و مۆرەکانی ڕێبەر و بەرپرسانی حکوومەتی ئیسلامین. لەم ڕوانگەیەشەوە، ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ماوەیەکی زۆرە بە خۆدزینەوە لە خواستی کرێکاران بۆ هەڵوەشاندنەوەی شیرکەتە پەیمانکارییەکان، ئەم گەڵاڵەیە لە نێوان مەجلیسی ئیسلامی و ناوەندی دژەکرێکاری "مەجمەعی تەشخیسی مەسلەحەتی نیزام"دا دەستاودەست پێ دەکات و یەکلایی ناکاتەوە

ئاژانسی هەواڵی کاری ئێران (ئیلنا) دوو هەفتە لەمەوبەر ڕاپۆرتی دابوو کە زیاتر لە ٨٠٠٠ کەس لە کرێکارانی پەیمانیی پیشەسازی نەوت و گاز بە واژۆکردنی تۆمارێکی ئینتەرنێتی، دووبارە لە مەسعوود پزیشکیان، سەرکۆماری بێدەسەڵاتی ڕژێم، داوایان کردووە کە هەرچی زووە ئەو فەرمانەی لە ١١ی گوڵاندا (ڕۆژی جیهانی کرێکاران) سەبارەت بە سڕینەوەی شیرکەتە پەیمانکارییەکانی دابینکردنی هێزی کار دەریکردبوو، جێبەجێ بکات. ئەم کرێکارانە لە چوارچێوەی شیرکەتە پەیمانکارییەکان، ئەرکانی سالیس و گرێبەستە هاوشێوەکانی دیکەدا کار دەکەن و خوازیاری ئەوەن شیرکەتە پەیمانکارییەکان هەڵبوەشێنرێنەوە و دەوڵەت ڕاستەوخۆ و بێ نێوەندگیر گرێبەست لەگەڵ کرێکاراندا واژۆ بکات و حەقدەستەکانیان خۆی پێیان بدات. بێگومان کرێکارانی دیکەی گرێبەست، وەک کرێکارانی شارەوانییەکانیش، چەندین جار دژی شیرکەتە پەیمانکارییەکان مانیان گرتووە و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان ڕێکخستووە و داوای وەدەرنانیان و بەستنی گرێبەستی ڕاستەوخۆی کاریان لەگەڵ دەوڵەتدا کردووە

کاربەدەستانی حکوومەتی ئیسلامی بە پشتگوێخستن و خۆبواردن لە جێبەجێکردنی ئەم خواستە ڕەوایەی کرێکاران کە ساڵانێکە خەباتی بۆ دەکەن، گوتوویانە: "دەوڵەت توانای وەدەرنانی شیرکەتە پەیمانکارییەکانی دابینکردنی هێزی کاری نییە. بەڵام ڕەنگە بتوانێت لەگەڵ ١٠ لەسەدی کرێکارانی پەیمانی، گرێبەستی ڕاستەوخۆ واژۆ بکات، لەم حاڵەتەشدا ڕەنگە حەقدەستەکانیان کەمێک دابەزێت." ئەم فێڵەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ناڕەزایەتی کرێکارانی لێ کەوتووەتەوە، چونکە بۆ کرێکاران هیچ جیاوازییەکی نییە کە کام یەک لە پەیمانکارە ڕانتخۆرەکان یان دەوڵەتی سەرمایەداران بەشێک لە حەقدەستی کار و ڕەنجیان تاڵان دەکەن. کاربەدەستانی دەوڵەتی ئیسلامی سەرمایەداران لە هەلومەرجێکدا بەوپەڕی بێشەرمییەوە چاوی تەماعیان بڕیوەتە کەمکردنەوەی ئەو حەقدەستە یەکجار کەمەی کرێکاران، کە لانی کەمی حەقدەستی کرێکاران چوار هێندە لە خوار هێڵی هەژارییەوەیە و مووچەکانیان تەنیا بەشی یەک هەفتەی بژێوییان دەکات. ئەمە لە کاتێکدایە کە تەنانەت بەپێی مادەی ٤١ی یاسای دژەکرێکاریی کاری حکوومەتی ئیسلامیش، لانی کەمی حەقدەستی مانگانەی کرێکاران دەبێت بەپێی ڕێژەی هەڵاوسان و تێچووی سەبەتەی بژێویی خێزانی کرێکاری دیاری بکرێت. سەرەڕای ئەوەش، لە دۆخێکدا کە تێچووی سەبەتەی بژێوی گەیشتووەتە ٩٠ ملیۆن تمەن، "شۆرای باڵای کار"ی دژەکرێکاریی ڕژێم، لانی کەمی حەقدەستی کرێکارانی بۆ ساڵی ١٤٠٥ بە نزیکەی ١٧ ملیۆن تمەن پەسەند کردووە کە بە هەژمارکردنی دەرماڵەکانی تریشەوە، دەگاتە کەمتر لە ٢٤ ملیۆن تمەن

لە ماوەی یەک مانگی ڕابردوودا کە بەهۆی هێرشە نیزامییەکانی ئەمریکاوە بۆ سەر ژێرخانەکان و ناوچە نەوتییەکانی باشوور، بەندەر، لەنگەرگە، پرد، ڕێگاوبان و هێڵەکانی ئاسن و هتد وێران بوون و بەرهەمهێنان و فرۆشی نەوتیش گەیشتووەتە نزمترین ئاست، ژمارەیەکی زیاتر لە کرێکاران لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بێکار بوون و حەقدەستی زۆرێک لە کرێکارانی تریش دوا کەوتووە و پێیان نادرێت. خاوەنکار و بەڵێندەرە سەرمایەدارەکان لەگەڵ دەستپێکی شەڕ لە ٩ی ڕەشەمەی ساڵی ڕابردوودا،

گوشاریان خستە سەر دەوڵەت تاوەکوو بەم لانی کەمە یەکجار کەمەی حەقدەستیشدا بچێتەوە، یان ڕێگەیان پێ بدات بە بیانووی شەڕ و لەژێر ناوی "کرێی بەڕێککەوتن" (مزد توافقی)، حەقدەستێکی کەمتر بە کرێکاران بدەن و لە ئەگەری ڕازینەبوونی کرێکاراندا دەریان بکەن و کەسانی تر بە حەقدەستێکی کەمترەوە دابمەزرێنن. هەرچەندە ئەم داواکارییە بە فەرمی لەلایەن دەوڵەتەوە پەسەند نەکراوە، بەڵام خاوەنکارەکان لە هەندێک شوێن بە کردەوە گەڵاڵەی "کرێی بەڕێککەوتن"یان خستووەتە بواری جێبەجێکردنەوە. هەم حەقدەستێکی کەمتر و ئەویش بە دواکەوتنەوە دەدەن بە کرێکاران، هەم بە گرێبەستی کورتخایەنی یەک مانگە و بەکاربردنی چەکی دەرکردن، زیاتر لە جاران کرێکاران دەچەوسێننەوە و سفرەی خێزانەکانیان لە جاران بەتاڵتر کردووە

بەم جۆرە تا ئێستا بە بیانووی بارودۆخی شەڕەوە، زیاتر لە چوار ملیۆن کرێکار، بەتایبەتی لە کارە نافەرمی و ناوماڵەکاندا بێکار بوون، بەبێ ئەوەی حکوومەتی ئیسلامیی سەرمایە بۆ بژێوییان پارەیەک وەک بیمەی بێکاری پێیان بدات. کاربەدەستانی سەرمایە لە کەرتی تایبەت و گشتیدا، بۆ ڕێگریکردن لە هەر جۆرە ناڕەزایەتییەکی کرێکاری بەرامبەر بە خراپتربوونی دۆخی ژیان و بژێوییان، لە پلەی یەکەمدا ئەو چالاکە کرێکارییانە دەردەکەن کە بەرگری لە مافی خۆیان و هاوچینەکانیان دەکەن. ئەمە لە کاتێکدایە قەیرانی ئابووریی ڕژێمی ئیسلامی ڕۆژ بە ڕۆژ توندتر و قووڵتر دەبێتەوە و توانایەک بۆ ژیان و بژێویی کرێکاران نەماوەتەوە و ناتوانن تەسلیمی دۆخێکی وا بن. بێگومان ڕژێمی شەڕخواز و ئاژاوەگێڕی ئیسلامیش نە توانای باشترکردنی دۆخی ژیانی کرێکاران و جەماوەری خەڵکی هەژار و دەستکورتی کۆمەڵگای هەیە، نە دەشتوانێت بە پەرەپێدانی ترس و سەرکوت و دەرکردن، پێش بە مانگرتن و ناڕەزایەتییەکانیان بگرێت

شووشەی تەمەنی ئەم ڕژێمە دژەکرێکارییەی سەرمایەداریی ئیسلامی لە دەستی چینی کرێکاردایە. کۆماری ئیسلامی، ئەگەر لەم هەلومەرجەی ئێستادا کە لەوپەڕی لاوازی و مایەپووچیدایە، دەتوانێت شان لە ئاست خواست و داواکارییەکانی کرێکاران هەڵتەکێنێت و دەزگا سەرکوتگەرە نیزامی و ئەمنییەکانیشی دەتوانن مانگرتن و ناڕەزایەتییە پەرتەوازەکانی کرێکاران سەرکوت بکەن، بەڵام لە بەرامبەر مانگرتن و ناڕەزایەتیی یەکگرتوو، ڕێکخراو و سەرتاسەری کرێکاراندا توانای خۆڕاگرییان نییە. حکوومەتی دیکتاتۆری پاشایەتی پەهلەویش لە بەرامبەر ناڕەزایەتییەکانی سەر شەقامدا دوو ساڵ خۆی ڕاگرت، بەڵام کاتێک کرێکارانی پیشەسازیی نەوت بە مانگرتنی یەکگرتوو و ڕێکخراو هاتنە مەیدانەوە و شادەماری ژیانی ئابووریی ڕژێمیان گرت، دەسەڵاتەکەی لە پێ کەوت و ڕووخا. بەخۆشییەوە بزووتنەوەی کرێکاری، بە بوونی ڕێبەران و پێشڕەوانی لێهاتوو کە لە ناو دڵی ڕێکخستنی ناڕەزایەتی و مانگرتنە کرێکارییەکاندا پەروەردە بوون، خاوەنی ئەو توانا و زەرفییەتەیە کە لەسەر بنەمای بەردەوامی مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان، ئاستی ڕێکخستنی ئەم بزووتنەوە چینایەتییە بەرز بکاتەوە و بە دروستکردنی تۆڕێکی پێکەوەبەستراو لە ڕێبەرانی کرێکاری، پێداویستییەکانی ڕێکخستنی مانگرتنی سەرتاسەریی کرێکاران لە ناوەندە کلیدییەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاریدا دابین بکات. تەنیا لەم دۆخەدایە کە بزووتنەوەی کرێکاری بە مانگرتنەکانی خۆی، دەبێتە بڕبڕەی پشتی ناڕەزایەتییەکان و مانگرتنی سیاسی جەماوەری بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی

❊❊❊

# بەرەنگاربوونەوەی "بزووتنەوەی ڕووتبوونەوە"، لە ئەولەوییەتی نوێنەرانی مەجلیسی ئیسلامیدا

١٥٥ نوێنەری مەجلیس، ئەویش لە هەلومەرجی قەیرانی شەڕ و لە یەکێک لە قەیراناویترین و دژوارترین بارودۆخەکانی بژێوی کە بەسەر زۆرینەی خەڵکی ئێراندا سەپاندوویانە، لە نامەیەکدا بۆ سەرۆکی دەزگای قەزایی ڕژێم، داوای جێبەجێکردنی یاسایان کردووە بۆ "پێشگرتن لە پەرەسەندنی بێحیجابی" و ڕاگرتنی "بزووتنەوەی ڕووتبوونەوە". هەنگاوێک کە جارێکی تر نیشانی دەدات نوێنەرانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە مەجلیسدا، جەستە و پۆششی ژنان لە ڕیزی بەپەلەترین بابەتەکانی دەستێوەردانی خۆیاندا دەبینن، بەڵام نان، دەرمان، خانووبەرە، کار و کەرامەتی ملیۆنان مرۆڤیان پەراوێز خستووە. ئەم نامەیە لە هەمان کاتدا داننانە بەو حەقیقەتەی کە دیواری حیجابی زۆرەملێ دارماوە. ئەم ئەولەوییەتدانە، ڕەنگدانەوەی لۆژیکی پێکهاتەیەکە کە لە لایەکەوە دەیەوێت بە کۆنترۆڵکردنی پۆششی ژنان قەیرانی ڕەوایی خۆی داپۆشێت و لە لایەکی تریشەوە، لە وەڵامدانەوە سەبارەت بە هەژاری، گرانی و میکانیزمەکانی کەڵەکەبوونی ڕانتی خۆی بدزێتەوە

حەقیقەتە ئابوورییەکان وێنەیەکی ڕوون لە قووڵایی ئەم قەیرانە مەعیشەتییە دەخەنە ڕوو. ڕێژەی هەڵاوسانی خاڵبەخاڵ لە جۆزەردانی ١٤٠٥دا گەیشتە ٨٨.٦ لەسەد و هەڵاوسانی ساڵانەش ٦٢ لەسەد تۆمار کرا، لە پووشپەڕیشدا هەڵاوسانی خاڵبەخاڵ ٨٧.٩ لەسەد و هەڵاوسانی ساڵانە ٦٦ لەسەد ڕاگەیەندرا. مانای ئەم ئامارانە ڕوونە؛ تێچووی دابینکردنی هەمان سەبەتەی کاڵا کە بنەماڵە کرێکارییەکان تا دوێنێ بە سەختی دابینیان دەکرد، لە ماوەیەکی کورتدا نزیکەی دوو هێندە زیادی کردووە. لە دۆخێکی وەهادا، تەرکیزی مەجلیس لەسەر پرسی "بێحیجابی" زیاتر لەوەی دەربڕی خەمێکی گشتی بێت، هەوڵێکە بۆ بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی لەو قەیرانەی کە پرۆسەی بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتی بەرەوڕووی ئاستەنگێکی جیدی کردووەتەوە. بازاڕی کاریش پەیڕەوی لە هەمان ڕەوت دەکات. لە ڕەوتی شەڕی چل ڕۆژەدا، کاربەدەستانی حکوومەتی دانیان بەوەدا نا کە نزیکەی سێ ملیۆن کەس بە لەشکری بێکاران پەیوەست بوون. پەرەسەندنی بێکاری، نائەمنی پیشەیی، پەرەسەندنی هەژاری و دابەزینی هێزی مامەڵەکردنی کرێکارانی لێ دەکەوێتەوە و لە هەمان کاتیشدا ئامرازێکی کاریگەر دەخاتە بەردەست دەوڵەت و سەرمایە بۆ سەپاندنی دیسیپلینی حەقدەست و چڕکردنەوەی چەوساندنەوە. ئاکامی وەها دۆخێک بە مانای ئەوەیە کە دەوڵەت باری قورسی ئەم قەیرانەی لە ڕێگەی گرانی بێسنوور، بێکارکردنی بەربڵاو و کەمکردنەوەی خەرجییە خزمەتگوزارییە گشتییەکانەوە، خستووەتە سەر شانی کرێکاران و زەحمەتکێشان

لە هەلومەرجێکی ئاوادا، زەقبوونەوەی لەناکاوی پرسی "بێحیجابی" بەڕێکەوت نییە. لە ڕوانگەی باڵێکی حکوومەتەوە کە هێشتا شکستی خۆی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانە بە پێشەنگایەتی ژنان لە بواری خەبات دژی حیجابی زۆرەملێ قبووڵ نەکردووە، و لە بەرەنگاربوونەوەی ڕەهەندەکانی ئەو هەژاری و نەگبەتییەی بەسەر زۆرینەی کۆمەڵگادا سەپێنراوە داماوە، هەوڵ دەدات چەقی ململانێکان لە ناتەبایییە مادی و چینایەتییەکانەوە بگوێزێتەوە بۆ گۆڕەپانی حیجابی زۆرەملێ، ئەخلاق، شێوازی ژیان و دیسیپلینی فەرهەنگی. بەڵام هەر ئەم جێگۆڕکێیە، پێش هەر شتێک باس لە لاوازیی پێکهاتەیی دەسەڵات دەکات. لە کاتێکدا هەڵاوسان گەیشتووەتە ئاستێکی بێپێشینە، گەشەی ئابووری لەناو چەقبەستووییدا گیری کردووە و بێکاریی لاوانیش ڕەوتێکی ڕوو لە هەڵکشانی هەیە، حاکمییەت بۆ نۆژەنکردنەوەی هەژموونی خۆی پەنا دەباتە بەر مەیدانگەلێک کە لەو بوارانەدا هێشتا دانی بە شکستدا نەناوە

ئەمڕۆ، ناتەبایی چینایەتی زۆر زیاتر لە جاران خۆی لە ژیانی ڕۆژانەدا نیشان دەدات. کاتێک هەڵاوسانی ساڵانە دەگاتە ٦٦ لەسەد، بەڵام حەقدەستەکان بەپێی ئەوە بەرز نابنەوە، کەلێنی نێوان تێچووی بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار و داهاتی ڕاستەقینە، ڕۆژ بە ڕۆژ قووڵتر دەبێتەوە. ئەم کەلێنە، جەوهەری چەوساندنەوەی سەرمایەداری ئیسلامی ئاشکراتر دەکات؛ چونکە زێدەبەها هێشتا لە کاری زیندووەوە بەدەست دێت، لە کاتێکدا بەشێکی گەورەی تێچووەکانی بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار، لە ڕێگەی هەڵاوسان، سەپاندنی ڕیازەتی ئابووری و کەمکردنەوەی خزمەتگوزارییە گشتییەکانەوە دەخرێتە سەر شانی خودی کرێکاران. لەم ڕوانگەیەوە، کێشمەکێش لەسەر حیجاب یان بێحیجابی، بەشێکە لە میکانیزمی بەڕێوەبردنی سیاسی قەیران لەوپەڕی داماوییدا

لەم ڕووەوە، نامەی ١٥٥ نوێنەری مەجلیسی ئیسلامی دەبێت وەک بەشێک لە ستراتیژی پاراستنی نەزمی زاڵ چاو لێ بکرێت؛ ستراتیژییەک کە بە تەرکیزکردن و سەرکوتکردنی بەشگەلێک لە کۆمەڵگا، هەوڵ دەدات تێکڕای قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە چەقی سەرنج دەربهێنێت. کاتێک هەڵاوسانی بێسنوور، داڕمانی هێزی کڕین، بێکاری بەرین و کورتهێنانی بوودجە، ژیانی زۆرینەی کۆمەڵگای خستووەتە ژێر گوشارەوە، ڕاکێشانی سەرنج بەرەو پۆششی ژنان شتێک نییە جگە لە هەوڵێکی وشیارانە بۆ لێکدابڕانی مەیدانەکانی خەبات. لە بەرامبەر ئەم هەوڵانەدا، هەڵسوڕاوانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی تر، دەبێت بە ڕوونی نیشانی بدەن کە خەبات لە پێناو ڕزگاری ژناندا، لە خەباتی چینی کرێکار دژی گرانی و هەژاری و فەلاکەتی گشتی و بێمافییە کۆمەڵایەتییەکان جیاواز نییە. بە ڕووخاندنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و سیستەمی سەرمایەداری دەتوانرێت ڕێگای ڕزگاری ڕاستەقینەی ژنان خۆش بکرێت. خەباتی ڕزگاریخوازانە، خەباتە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو پێوەندییانەی کە پێگەی مرۆڤ بۆ ئامرازێک لە پێناو کەڵەکەکردنی سەرمایە و پاراستنی هەژموونی چینایەتی دادەبەزێنێت

❊❊❊

# ١٦ی گەلاوێژ ئەزموونێکی گرینگ لە مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستاندا

١٦ی گەلاوێژی ١٣٨٤ لە بزووتنەوی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا رۆژێکی مێژووییە و قەد لەبیر ناچێتەوە. لەو رۆژەدا خەڵکی کوردستان لەسەر بانگەوازی کۆمەڵە یەکدەنگ و یەکگرتوو لەدژی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان مانگرتنێکی شکۆداریان بەڕێوەبرد. ئەمڕۆ ٢٠ ساڵ بەسەر ئەو رۆژە مێژوویەدا دەگوزەرێت. لەو رۆژەدا خەڵکی کوردستان نیشانیان دا کە دەتوانن بەهێزی لەبن نەهاتووی خۆیان هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیمی نەزانی و خورافاتی ئیسلامی بەچۆک دابێنن. ئەو رۆژە مێژووییە هەروەها سەلماندی کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بەگوڕ و تینەوە درێژە بەخەبات بۆ وەدیهاتنی ئامانج و خواستەکانی دەدات. پرسیار ئەوەیە کە ئەم حەرەکەتە مێژووییە لەچ بارودۆخێکدا پێکهات و چۆن رێکخرا؟

دەست و پێوەندەکانی کۆماری ئیسلامی ئێوارەی رۆژی ١٨ی مانگی پووشپەڕی ئەو ساڵە هەوڵیان دا لاوێکی خەڵکی مهاباد بەناوی ”کەماڵ ئەسفەرام“، ناسراو بە ”شوانە سەید قادری“ دەستبەسەر بکەن. کاتێک هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم نەیانتوانی ”شوانە“ دەستبەسەر بکەن، دایانە بەر دەسڕێژی گوللەو برینداریان کرد. لەدوای دەستبەسەر کردنی شوانەدا، ئەشکەنجەکردنی دەستپێکرد و لەکۆتاییدا لەژێر ئەشکەنجەی هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامیدا گیانی بەختکرد. بەڕێوەبەرانی ئەم تاوانە دەیانویست لەم رێگەیەوە خەڵک چاوترسێن بکەن، بەڵام خەڵکی خەباتکاری مهاباد نە تەنیا چاوترسێن نەکران، بەڵکوو دەست بەجێ دوای ئاگاداربوون لەم جەنایەتەی ڕژیم لەبەردەم ماڵی ئەم لاوەدا کۆبوونەوەو هاوخەمی خۆیان لەگەڵ بنەماڵەکەی دەربڕی و نەفرەت و بێزارییان لەکۆماری ئیسلامی نیشان دا. جەماوەری نارازی لەمهاباد بەتایبەتی ژنان و لاوان لەرۆژانی ١٩ و ٢٠ی مانگی پووشپەڕدا لەناڕەزایەتی بەو جەنایەتەدا هاتنە سەر شەقامەکان و دژ بەڕژیمی ئیسلامی درووشمیان داو بەسەرکوتگەرانی ئیسلامییان راگەیاند لەو تاوانە خۆش نابن. رۆژی ٢١ی هەر ئەو مانگە خۆپیشاندانەکە ئاستێکی بەرینتری بەخۆیەوە گرت و هێرشی هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم بەرەوڕووی موقاومەتی خەڵکی خەباتکاری مەهاباد بووەوە. هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیمی ئیسلامی لەئاسمان و زەوییەوە تەقەیان لەخەڵکی راپەڕیو کرد. ەو رۆژەدا کۆمەڵانی خەڵکی مهاباد خۆڕاگرییەکی بێ وێنەیان لەخۆیان نواند. لەو بەرەوڕووبوونەوەیەدا ٥٠ کەس لەخۆپیشاندەران دەستبەسەر کران. رۆژی ٢٢ی مانگی پووشپەڕ خەڵکی شار لەناڕەزایەتی بەتووندوتیژی نواندن لەلایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی و بۆ دەربڕینی نەفرەت و بێزاری خۆیان لەم کردەوە سەرکوتگەرانەیەی ڕژیم و میلیتاریزەکردنی ناو شار دووکانەکان و شوێنەکانی کاریان داخست. ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی جەماوەری خەڵکی مهاباد شارەکانی تری کوردستانی داگرت. ەڵکی خەباتکار و لاوانی شۆڕشگێڕ لەشاری شنۆ، پیرانشار، بانە، سەقز، سەردەشت، مەریوان، سنە، دیواندەرەو بۆکان بەناڕەزایەتییەکان پەیوەست بوون. خۆپیشاندەران لەم شارانە ئەم تاوانەیان مەحکوم کردو داواکارییەکانی خۆیان هێنایەگۆڕێ. کۆمەڵانی خەڵک لەشارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان خوازیاری ناساندن و سزادانی بڕیاردەران و بەڕێوەبەرانی ئەو تاوانە، ئازادکردنی دەستبەجێ و بێ شەرت و مەرجی دەستبەسەرکراوان و کۆتایی هێنان بە کوشتن و بڕین لەکوردستان بوون. وەڵامی کۆماری ئیسلامی بەم داواکارییە ڕەوایەی خەڵکی کوردستان ناردنی هێزی زیاتر بوو و بەکرێگیراوەکانی خستە گیانی خەڵک

ئەگەرچی داواکارییەکانی ئەم خەباتە گەلێک روون بوو، بەڵام بەهۆی پرژوبڵاوی لەشارە جۆراوجۆرەکان قوربانییەکی زۆری لێ کەوتەوە. لەشاری سەقز چەکدارەکانی ڕژیم تەقەیان لەجەماوەری خۆپیشاندەر کرد. لەئاکامی ئەم تەقانەدا ژمارەیەک کوژران و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون. ڕێبەریی کۆمەڵە کە لە هەمان ڕۆژی ١٨ی مانگی پووشپەڕەوە ئەوزاعی شارەکانی کوردستانی تەعقیب دەکرد، بە شناختێک کە لە حەساسییەتی بارووددۆخەکە بووی، هەموو نیگەرانی و دەغدەغەی ئەوە بوو کە بە چ هەوڵێک و بە گرتنەبەری چ تاکتیکێک بەر بەم ڕەوتە بگرێت کە دەیتوانی ببێتە هۆی بێهیوایی و دڵساردبوونەوەی خەڵک و کارێک بکات کە خەڵک لە کۆتایی ئەم دەورەیە لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دوژمن نەتەنیا مەئیووس نەبن بەڵکوو هەست بە هاوپشتی و شانازی و سەرکەوتن بکەن. ئیتر کاتی ئەوە گەیشتبوو کە جەماوەری خەباتکار لەبزووتنەوەیەکی رێکخراودا هێزی لەبن نەهاتووی خۆیان بەدووژمن نیشان بدەن. کۆمەڵە، رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، لە رۆژی ١٦ی گەلاوێژی١٣٨٤دا بانگەوازی مانگرتنێکی گشتی و سەرتاسەری لەناڕەزایەتی بەهەڵسووکەوتی دڕندانەی ڕژیم راگەیاند. ڕێبەریی کۆمەڵە لە بارووددۆخێکدا کە شارەکانی کوردستان بەتوندی میلیتاریزە کرابوون، مانگرتنی گشتیی بە گونجاوترین شێوازی دەربڕینی یەکگرتوویی و هاوپشتی دەزانی. لە دیاریکردنی کاتی مانگرتنە گشتییەکەدا دوو فاکتۆری سەرەکی لەبەرچاوگیرا. یەکێک ئەوەیکە نەدەبوایە لە ڕووداوەکانی کوردستان زۆر فاسلە بگرین و دووهەم دەرفەتی پێویست بۆ وەڕێخستنی هەڵمەتێکی تەبلیغی و ڕێکخستنی ئەم حەرەکەتە مێژووییەمان لە ئیختیاردا بێت. بانگەوازەکەی کۆمەڵە، رۆژی ١١ی هەر ئەو مانگە لە راگەیاندنێکدا بەئاگاداری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان گەیشت. لەو راگەیاندنەدا کۆمەڵە وێڕای ئاماژەیەکی کورت بە خەباتی قارەمانانەی جەماوەری خەڵکی کوردستان دژ بەسەرکوتگەرانی کۆماری ئیسلامی، داواکارییەکانی خەڵکی بەو شێوەیەی خوارەوە کۆبەندی کرد

- ناساندن و سزادانی بڕیاردەران و بەڕێوەبەرانی جەنایەتەکانی ئەم دواییانە لەشاری مهاباد و شارەکانی تری کوردستان
- ئازادی بێ شەرت و مەرجی گشت دەستبەسەرکراوان.
- ئاسایی کردنەوەی کەش و هەوای شارەکان و گەڕاندنەوەی هێزە سەرکوتگەرەکان بۆ مۆڵگەکانیان
- بەڕەسمی ناسینی مافی خەڵک لەئاست بەڕێوەبردنی خۆپیشاندان بۆ وەدیهاتنی داواکارییەکانیان

بانگەواز بۆ مانگرتنی گشتی بەخێرایی هەموو شارەکانی کوردستانی داگرت. ێ ڕۆژ بەر لە مانگرتنەکە دەیان و شایەد سەدان هەزار نوسخەی بانگەوازی کۆمەڵە و بەرگی تەبلیغیی پێوەندیدار بەم بانگەوازە لە ئاستی شارەکانی کوردستاندا بڵاوبۆوە. لە جەرەیانی بڵاکردنەوەی فەراخان و ئەوراقی تەبلیغیدا زانیاری ئاشیان جەوانی پڕگوڕوتینی خەڵکی شاری سنە بەتەقەی هێزە خوێنڕێژەکانی سەرمایە گیانی بەختکرد و ناوی بۆ هەمیشە ئاوێتەی ١٦ی گەلاوێژ و مێژووی خەباتی خەڵکی ستەملێکراو بوو. وانای سازماندان و قەبارەی تەبلیغاتێک کە لەم چەند ڕۆژەدا ئەنجام درا تەنیا بە زەرفییەت و بەرینایی تەشکیلاتی کۆمەڵە لەناو شارەکانی کوردستان قابیلی تەوزیح نەبوو. لەڕاستیدا کۆمەڵە لە بارووددۆخێکدا وڵامی بە زەرووەرەتێکی سیاسی و بە نیازێکی خەباتی جەماوەری خەڵکی کوردستان دابۆوە کە ئەحزاب و هێزە سیاسییەکانی تر تەنانەت نەیاندەتوانی دەرکی بکەن و هەر ئەم واقعییەتەش بوو کە هێزی جەماوەری خەڵکی کوردستان لەئاستی کۆمەڵایەتیدا وەحەرەکەت خست

هاوکات هێزەکانی ڕژیم بۆ بەرگرتن لەو مانگرتنە کەوتنەخۆ و هەڕەشەکانیان دەستپێکرد. حیزب و لایەنە ناسیۆنالیستەکانیش بۆ سەرنەکەوتنی ئەو مانگرتنە لە هیچ هەوڵێک کۆتاییان نەکرد. لە بەرامبەردا حیزب و ڕێکخراوەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێران لەم بانگەوازە پشتیوانییان کرد. ەڵام سەرەڕای هەموو هەڕەشەکانی ڕژیم و کارشکێنیی حیزبە ناسیۆنالیستەکان، لەرۆژی ١٦ی گەلاوێژدا خەڵکی تێکۆشەری کوردستان بازاڕ و کارگاو ئیدارە، مەدرەسە و دووکان و ناوەندەکانی تری کاریان داخست و دەستیان دایە مانگرتنێکی گشتی و سەرتاسەری. خەڵکی ناڕازی لەشارەکانی مهاباد، سەقز، بۆکان، سنە، شنۆ، پیرانشار، بۆکان، بانە، سەردەشت، رەبەت، مەریوان، کامیاران و دیواندەرەو شارۆچکە و گوندەکانی تری کوردستان لەئاستێکی بەریندا بەمانگرتنەکە پەیوەست بوون. شایانی باسە لەشارەکانی نەغەدەو ورمێشدا بەشێکی زۆر لەخەڵک لەو مانگرتنە گشتییەدا بەشدارییان کرد

ئەو مانگرتنە شکۆدارە لەمێژووی خەباتی سیاسی خەڵکی کوردستاندا تۆمار کراوە. ١٦ی مانگی گەلاوێژ بە مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان پەیوەست بوو. ئەو مانگرتنە جارێکی دیکە نیشانی دا جەنایەت و پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە درز بخاتە نێو ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵک لەدژی. سەرکەوتنی ئەم مانگرتنە بۆ چەندین دەیە لەخەباتی لێوانلێو لەفیداکاری و ئازایەتی خەڵکی کوردستان دەگەڕێتەوە. لەئاکامی یەک مانگ شێلگیرانەی تێکۆشەرانی شاری مهاباد و شارەکانی دیکەی کوردستاندا داواکارییەکانی خەڵک وەدیهات. ڕژیم کە لەبەرانبەر هێزی یەکگرتووانەی جەماوەری خەڵکدا داماو بوو، رۆژی دوای مانگرتنەکە فریوکارانە لێژنەیەک لەئەندامانی مەجلیسی ئیسلامی بۆ شارەکانی کوردستان نارد تا بەناو داوای لێخۆشبوون لەخەڵک بکەن. ئەندامانی ئەو لێژنەیە بەیارمەتی ئیمام جومعەکان و فەرماندارەکانی شارەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ویست و داواکارییەکانی خەڵک هەوڵیان دا خۆڵ بکەنە نێو چاوی خەڵک، بەڵام هەوڵەکەیان بێ ئاکام مایەوە

دەرس و ئەزموونەکانی ئەم مانگرتنە سەرتاسەرییە بە ئەزموونی دەوڵەمەندی خەڵکی کوردستان بۆ درێژەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لەکوردستان زیاد بوو. هەر ئەم ئەزموونە دەوڵەمەندە رێگای بۆ مانگرتنی سەرکەوتووانەی ٢٣ی گوڵانی ساڵی ١٣٨٩ دژ بەئیعدام کردنی فەرزادی کەمانگەر و هاوڕێیانی خۆشکرد. هەروەها بەهۆی بوونی ئەم سوننەتە بەنرخە، لەرۆژی ٢١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧دا مانگرتنێکی سەرکەوتووانەی سەرتاسەری دیکە بەڕێوەچوو. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەو رۆژەدا لەناڕەزایەتی دژبە لەسێدارەدانی رامینی حسێن پەناهی، زانیار و لوقمان موڕادی و بۆردمانکردنی مقەڕەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەعێراق مانگرتنێکی شکۆداری دیکەیان بەڕێوەبرد. خەڵکی خەباتکاری کوردستان دوای قەتڵی دەوڵەتیی ژینا ئەمینی لە ٢٥ی مانگی خەرمانانی ساڵی ١٤٠١ و دەستپێکی ئاخێزی سەرانسەری زۆر جار تاکتیکی مانگرتنی گشتییان لەگەڵ ناڕەزایەتییەکانی شەقام ئاوێتە کرد و گەلێک دیمەنی شکۆداریان لە یەکگرتوویی و هاوپشتی و خۆڕاگری و بوێری بەرامبەر بە هێرشی هێزە سەرکوتگەرەکان نیشان دا

تاکتیکی مانگرتنی گشتی و سەرانسەری و تێکەڵکردنی لەگەڵ ناڕەزایەتیی شەقامەکان بەتایبەت لە بارودۆخی ئێستادا کە مانگرتنی کرێکاری و ناڕەزایەتی لە سەرانسەری ئێران حکوومەتی ئیسلامیی سەرمایەدارانی خستووەتە ژێر گوشارەوە دەتوانێ تەجروبە و ئەزموونێکی بەنرخ بێت لەپێناو بەهێزکردنی خەباتی ئێستای کرێکاران و جەماوەری وەگیانهاتوو و ناڕازی

❊❊❊

## شـێعر

### من ئەژیم و.....

ب ئومید (بهروز)

من ئەژیم و
وەک هەناسە دێم و دەچم
من زیندووم و
هەموو ڕۆژێ بە دەنگی بەرز
لە سەر پشتی ئەسپە سوورە سەر کەشەکەم
لەو کاتەدا بە دەشتایی یە سەوزەکاندا تێپەڕ ئە بم
لەو کاتەدا ڕەز و باخ و چیای بڵند
بە باڵندە و پەلەوەر و بە گیاندار و بێ گیانەوە
وەک ئینسانە چەوساوەکان گوێم بۆ دەگرن
سرووود ئەڵێم
سرودێک وەک: سوسیالیزمە ئاسۆی ئاوات
سرودێک وەک: فوئاد ڕۆڵەی ئاگر و خوێن
تۆوی شۆڕش لە هەموو شوێن.
********

بە زستانانی سارد و سڕ
لەبەر کولوو کولووی بەفر
لە بەهاران
لە نێو پۆلی گوڵە نیرگزی سپی و
لە چاوە جوانەکانی تۆدا
هاوینانە
لە بەر گەرمای خۆرەتاو و
لە نێو پۆلە گەڵای سەوزی تووترکەکانی گوێ ڕووبار
پاییزانە
کاتێک دەشتە غەمگینەکان
لە حەسرەتی ڕەنگی زەردی ڕەز و باخدان
من زیندووم و
گەرووم پڕە لە گۆرانی،
بانگت ئەکەم
لە گەڵم بێی هاو سەفەر بین
تا لە دونیای بێ ستەمی سبەێنێ دا بەختەوەر بین.
*******

من زیندووم و
لە خورۆشی هاوڕێیانی پێشمەرگەدا خورۆشانم
من زیندووم و
لە مانگرتنی کرێکار دا، عەزمی قایمی کار نە کردن و ڕاوەستانم
من زیندووم و
لە هەنگاوی سەر کەوتنی گشت ئینسانێکی بێ بەشدا
تۆ ئەم بینی
ئاڵای سووری شەکاوەیە لە سەر شانم.
من هەر زیندووم لە داماوی دوژمنان دا
لە ئارەزووی شکستیاندا و
ئەم هیوایەم هەموو ڕۆژێ
لە سەر پشتی ئەسپە سوورە سەر کەشەکەم
مەنزڵ بە مەنزڵ ئەگەڕێم.
منی زیندووی پەیام هێنەر
موژدە بەخشی ڕاپەڕین و شۆڕشی سووری سبە ینێیم !

سیف ڵڵا شاڵچی ساڵی ٦٧ لە ڕووداوێکی
دڵتەزێندا گیانی بەخت کرد

❊❊❊




کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی کۆمەڵە بە کاتی تاران :

دەسپێکی بەرنامەکان، ٢١ تا ٢٢
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ٠٥ تا ٠٦
دوپاتەی دەوری دوهەم، ١٣ تا ١٤

**پێشـــــڕەو**

ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

**نوێنە رایە تیی کۆمە ڵە لە دە رە وە ی وڵات**
representative@komala.co

**ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب**
international@cpiran.org

**دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
dabirxane.cpi@gmail.com

**ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
٠٠٩٦٤٧٧١٠٢٨٦١٩٣
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧
٠٠٤٦٧٢٩٠٣٠٦٩٦
٠٠٤٥٦٠٩١١٧٨٢
٠٠٤٦٧٣٧١٦٩٧٤٦